# گۆڕانی سیاسی لە هزری (کۆنسێرڤاتیزم)دا:
# لە کۆنسێرڤاتیزمی نەریتیەوە بۆ ڕاستی نوێ


پ.ی.د. کەنعان حمە غەریب عبدلله* ئاریان ڕشید شریف**



وشە کلیلییەکان: هزری کۆنسێرڤاتیزم، گۆڕانی سیاسی، کۆنسێرڤاتیزمی نەریتی، کۆنسێرڤاتیزمی نوێ.
https://doi.org/10.31271/jopss.10062



**پوختە**

مانای (کۆنسێرڤاتیزم) وەکو هزرێکی سیاسی دژایەتیکردنی گۆڕان و بەرگریکردنە لە دۆخی باو، (کۆنسێرڤاتەکان) جەخت لەسەر ڕێزگرتنی ئایین و دابونەریت دەکەنەوەو دۆخی باو بە بەرهەمی کەڵەکەبووی دابونەریتەکان لە درێژایی مێژوودا لە قەڵەمدەدەن، بەو پێیەش پاراستنی بە پێویست دەزانن. (کۆنسێرڤاتیزم) بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکاتەوەو دەوڵەت وەکو بەرئەنجامی هەوڵدانی مرۆڤ بۆ باشتکردنی ژیانی خۆی سەیردەکات و لەم میانەیەشدا بە گرنگیەوە لە ڕۆڵی (کردەوەوی مرۆڤ) دەڕوانن، هەر بیروبۆچونێکیش لە کردەوەی مرۆڤەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، ڕەتدەکەنەوە. لێرەشەوە، پشتگیری لە سیاسەتی کرداری دەکەن و سیاسەت بە بەرهەمی کردەوەی مرۆڤ وێنادەکەن نەک بەرهەمی عەقڵی ئەبستراکت. کتێبەکەی (ئیدمۆند بێرک) (تێڕامانەکان لە شۆڕشی فەرەنسی) وەکو دەستپێکی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) لە قەڵەمدەدریت، (بێرک) لەم کتێبەیدا ڕەخنە لە (شۆڕشی فەرەنسی) دەگرێت و بەوە تاوانباری دەکات، کە شۆڕشێکی کاولکەرەو لە عەقڵی ئەبستراکتەوە سەرچاوەی گرتوەو هەموو ئەو کلتورو دابونەریت و کەلەپورە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لەناوبردوە، کە بەرهەمی کەڵەکەبوونێکی مێژووی درێژخایەنن و لە درێژایی سەدەکاندا دروستبوون. هزری (کۆنسێرڤاتیزم) بە دوو قۆناغی مێژووییدا تێدەپەڕێت: (کۆنسێرڤاتیزمی نەریتی)، بەرگری لە بازاڕی ئازادی لیبراڵی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە بەپێویست دەزانێت. (کۆنسێرڤاتیزمی نوێ) لە سەدەی بیستەمدا: لە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا، ڕوانگەیەکی چەپانەی هەبوو، لایەنگری لە ئابوری دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەکرد، بەڵام لە نیوەی دووەمدا بە تایبەتی لە حەفتاکانی ئەو سەدەیەدا، لە ژێر ناوی (ڕاستی نوێ)دا، بەلای هزری ئابوری بازاڕی ئازاددا وەرچەخاو دەستیکرد بە دژایەتیکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوریدا. (ئیدمۆند بێرک) وەکو نوێنەری کۆنسێرڤاتیزمی نەرێتی و هەریەک لە (مایکڵ ئۆکشات) و (ڕۆجەر سکروتون) وەکو نوێنەرانی کۆنسێرڤاتیزمی نوێی سەدەی بیستەم، سەرباری جیاوازی بیروبۆچونیان لە هەندێک بابەتدا، بەڵام هەرسێکیان لە پشتبەستن بە ئایین و نەریت لە بونیادنانی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا هاوڕان و هەرسێکیان گۆڕانە ڕیشەیی و توندوتیژانەکان کە سەرچاوەکەی هزرێکی ئەبستراکتی نامێژوویین، بە مەترسی بۆسەر سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگەو ئازادی و ئاسایشی تاکەکانی مرۆڤ، لە قەڵەم دەدەن.


---


* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زانستە ڕامیاریەکان kanaan.abdullah@univsul.edu.iq

** خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زانستە ڕامیاریەکان aryanshariff76@yahoo.com

**الملخص**

**التغيير السياسي في الفكر المحافظ: من المحافظين التقليديين إلى اليمين الجديد**

معنى (المحافظة) كفكر سياسي، هو معارضة التغيير والدفاع عن الوضع الراهن، يؤكد (المحافظون) على احترام الأديان والتقاليد واعتبار الوضع الراهن نتيجة تقاليد متراكمة للتاريخ، لذا فإن الحفاظ عليها هو مطلوب. (المحافظون) يرفضون مفهوم العقد الاجتماعي، ويعتبرون الدولة نتيجة لمحاولة الإنسان تحسين حياته، وفي هذا الصدد ينظرون بشكل كبير إلى الفعل البشري، ويرفضون أي أعمال غير مشتقة من محاولة الإنسان. وبالتالي، فهم يساعدون السياسة العملية ويعتبرون السياسة نتيجة أفعال بشرية وليست تعيق العقل. يعتبر كتاب (إدموند بيرك) (انعكاس الثورة الفرنسية) نقطة انطلاق للأفكار (المحافظة). ينتقد (بورك) (الثورة الفرنسية) أنها ثورة مدمرة ومشتقة من سبب معرق.

(المحافظة) تمر بمرحلتين تاريخيتين: (المحافظة التقليدية)، تدافع عن السوق الحرة الليبرالية، لكنها تطالب في نفس الوقت بدولة قوية لحماية أمن المجتمع. (المحافظة الجديدة) في القرن العشرين: النصف الأول من القرن كان له وجهة نظر يسارية، أيد دولة الرفاهية، لكن في النصف الثاني تحت عنوان (اليمين الجديد) يميل نحو مفهوم اقتصادي واضح. (إدمون بورك) كممثل عن (المحافظين التقليديين) و (ميشيل أقشات)، (روجر سكروتون) كممثلين عن (المحافظة الحديثة)، وعلى الرغم من خلافاتهم في بعض القضايا، فإنهم جميعًا متفقون على الاعتماد على الدين والتقاليد في إصلاح المجتمعات، ويعتبرون التغييرات الجذرية خطرا على أمن وسلامة المجتمع وحرية الفرد وأمنه.

**Abstract**

**The Political change in the Conservatism Thought: from Traditional Conservatism to New right**

The meaning of (Conservatism) as a political thought, is opposition to Change and defending the Status quo, the (conservatives) are emphasizing the respect for religions and traditions and considering the Status quo as an accumulated traditions result of history, so its maintenance is required. (Conservatism) is rejecting the notion of Social Contract, and consider the State as a result of man's attempt to improve his life, in this regard they look significantly at the human action, and reject any actions which is not derived from human's attempt. Thus, they assist practical politics and consider the politics as a result of human actions, not obstruct mind. The book of (Edmond Burke) (the reflection of the revolution of French) is consideed as a starting point of (conservatism) thoughts. (Burke) criticize (French revolution) that it was a devastated revolution and derived from an obstruct reason. (Conservatism) is moving through two historical stages: (Traditional conservatism), defends the liberal free market, but simultaneously demands a strong State to protect the security of Society. (new conservatism) at the twenty century: the first half of the century had a Left view, supported the welfare State, but at the second half under the title of (new right) inclined towards free marked economic notion. (Edmond Burk) as a representative of (traditional conservatism) and (miechel oaqshat), (Roger Scruton) as representatives of (modern conservatism), despite their disputes in some issues, they all agree in depending on religion and tradition in reforming Societies, and they consider radical changes as a danger for Society security and safety, and individual freedom and security.

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تێڕوانینی هزری کۆنسێرڤاتیزم بۆ گۆڕانی سیاسی شیبکاتەوەو لە دیدگای بیرمەندە کۆنسێرڤاتەکان سەبارەت بە گۆڕانی سیاسی بکۆڵێتەوە، لەم پێناوەشدا ماناو گوزارشتی چەمکی کۆنسێرڤاتیزم و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەدرێتە بەر باس و هۆکاری سەرهەڵدانیشی قسەی لەبارەوە دەکرێت. بە هەمان شێوە هەوڵدەدرێت دیدگاو تێڕوانینی بیرمەندە کۆنسێرڤاتەکان بە تایبەتی ئەوانەی هزرەکانیان کاریگەرن و وەکو نمایندەی هزری کۆنسێرڤاتیزم دەردەکەون، شیبکرێنەوەو هەڵسەنگاندنیان بۆبکرێت.

توێژینەوەکە بە گشتی دەیەوێت ئەوە بدۆزێتەوە کە ئایا هزری کۆنسێرڤاتیزم بە تەواوی گۆڕانی سیاسی ڕەتدەکاتەوەو دژی هەر پرۆسەیەکی گۆڕانکاریە لە کۆمەڵگەدا، یاخود شێوازێک لە گۆڕان پەسەند دەکات و پێشوازی لە جۆرێکی دیاریکراوی گۆڕانی سیاسی دەکات؟

بە هەمان شێوە، هەوڵی توێژینەوەکە بۆ خستنەڕووی ڕای هەندێک لە بیرمەندانی کۆنسێرڤاتیزمە دەربارەی گۆڕانی سیاسی، بە مەبەستی شیکردنەوەیان و هەڵسەنگاندنیان، لەم پێناوەشدا سەرنج خراوەتە سەر هزرەکانی (ئیدمۆند بێرک) و (مایکڵ ئۆکشات) و (ڕۆجەر سکروتون). هەڵبژاردنی ئەم سیانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان سەر بە سێ قۆناغی جیاوازی هزری کۆنسێرڤاتیزمن و هزرەکانیان گوزارشت لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەو هزرە دەکات، ئەمەش لە پێناوی شیکردنەوەی هزری کۆنسێرڤاتیزم بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی.

**یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا هزری کۆنسێرڤاتیزم پشتگیری لە گۆڕانی سیاسی دەکات یاخود دژی گۆڕانی سیاسیە؟ بە هەمان شێوە، دەیەوێت لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا کۆنسێرڤاتیزم و بیرمەندە جیاوازەکانی بە تەواوی گۆڕانی سیاسی ڕەتدەکەنەوەو دژی هەر چەشنە گۆڕانێکن لە کۆمەڵگەدا یاخود بە پێچەوانەوە پێشوازی لە جۆرێکی دیاریکراوی گۆڕانی سیاسی دەکەن و شێوازێکی دیاریکراوی گۆڕان بە پەسەند دەزانن؟

**دووەم/ گریمانەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە هزری کۆنسێرڤاتیزم بە تەواوی دژی گۆڕانی سیاسی نیەو شێوازێک لە گۆڕانی سیاسی لە لای سەرجەم بیرمەندە کۆنسێرڤاتەکان قبوڵکراوە کە زیاتر گۆڕانی هەندەکی و هەنگاو بە هەنگاوە، بەم مانایەش ئەوان تەنها دژی گۆڕانی ڕیشەیی و هەمەکین و کێشەیان لەگەڵ گۆڕانێکدا نیە کە ڕێز لە نەریت و ئایین بگرێت و دۆخی باو نەخاتە مەترسیەوە.

**سێیەم/ میتۆدی توێژینەوەکە:** لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا پشت میتۆدی ئیستقرائی بەستراوە، ئەوەش بە گفتگۆکردنی بەڵگەو ئارگیومێنتەکان بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامگیری گشتی.

**چوارەم/ پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەسەر دوو باسدا دابەشدەکەین، لە باسی یەکەمدا قسە لەسەر هزری (کۆنسێرڤاتیزم) و ڕوانگەی بۆ گۆڕانی سیاسی دەکەین و قۆناغانەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەخەینەڕوو، هەرچی باسی دووەمە بۆ قسەکردن لەسەر دیارترین بیرمەندانی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی تەرخان دەکەین.

# باسی یەکەم

# هزری (کۆنسێرڤاتیزم) و ڕوانگەی بۆ گۆڕانی سیاسی

لەم باسەدا هەوڵدەدەین لە ماناو گوزارشتی (کۆنسێرڤاتیزم) وەکو چەمکێکی سیاسی بکۆڵینەوە، باس لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بکەین و تێڕوانینی بۆ گۆڕانی سیاسی بخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش باسەکە بەسەر سێ تەوەردا دابەش دەکەین و لە هەر تەوەرێکدا مشتومڕ لەسەر یەکێک لەو بابەتانەی سەرەوە دەکەین.

## تەوەری یەکەم

## ماناو گوزارشتی هزری (کۆنسێرڤاتیزم)

هزرە کۆنسێرڤاتەکان بە گشتی وەکو دژەکردەوەیەکی ئەو گۆڕانە ڕوو لە زیادانەی کە لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەدیهات کە شۆڕشی فەرەنسی لەزۆر ڕووەوە سیمبولی بوو، سەریهەڵدا، لەم بوارەشدا کتێبەکەی (ئیدمۆند بێرک) ی ئینگلیزی (تێڕامانەکان دەربارەی شۆڕشی فەرەنسی) بە یەکەم و کۆنترین پرەنسیپی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) دادەنرێت (هیود/ أندرو، ٢٠١٢، ٨٦). هزری (کۆنسێرڤاتیزم) بە گشتی بەرهەمی ئەو بیرمەندانەیە کە دژی شۆڕش بوون، ئەوان بەرگریان لە مانەوەی دۆخی باو دەکردو هەر چەشنە گۆڕانێکیان بە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە قەڵەمدەدا، لای ئەم بیرمەندانە نەریتەکان گرنگی مەزنیان لە ژیانی کۆمەڵگەدا هەیەو ئایین و خێزان و سیستمی شانشینی و هزری نەتەوەیی بەرهەمی مێژوون و لە بونیادنانی ژیانی شارستانیانەدا گرنگن و ناکرێت بە ناوی شۆڕش و گۆرانکاریەوە ڕۆڵیان پشتگوێ بخرێت (لارسۆن/ ڕەیدار، ١٩٩٩، ٦).

هزری (کۆنسێرڤاتیزم) سەرباری جیاوازی دیدو بۆچونی بیرمەندەکانی سەبارەت بە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان و جیاوازی ڕوانگەیان دەربارەی شۆرش و گۆڕانی سیاسی، خاوەنی کۆبیروباوەڕێکی تایبەت بە خۆیەتی کە هەموو کۆنسێرڤاتەکان تیایدا هاوبەشن و لێرەدا بە چەند خاڵێک ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین:

### یەکەم: نەرێتگەرایی

(کۆنسێرڤاتەکان) دژی عەقڵی ئەبستراکت و نامێژوویین و بە گرنگیەوە لە هەر شتێک دەڕوانن کە بەرهەمی مێژوو بێت، نەرێتەکانیش بەو پێیەی بەرهەمی مێژوون، لای ئەوان گرنگیەکی زۆریان هەیە، بە بڕوای ئەوان هەر سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەمی کەڵەکەبونێکی مێژووییە کە لە مومارەسە ئەزمونکراوەکانەوە بەدرێژایی مێژوو بەدیهاتووەو لە نەریتەکاندا بەرجەستە بووە (Quinton/ Anthony, 286). نەریت لای (کۆنسێرڤاتیزم) بەرهەمی کەڵەکەبوی ژیری مرۆڤە و لە میانەی ئەزموونکردندا پەرەی سەندوەو بۆتە پاشخانێکی گرنگی ئەزمونی مرۆیی (Tower/ Lyman, 2009, 128).

**دووەم: نەریتگەریی (کۆنسێرڤاتیزم) گرێدراویی ئایینە**

زۆرێک لە کۆنسێرڤاتەکان، ئایین وەکو کۆڵەکەی ئەو باوەڕە ئەخلاقی و سیاسیە بەکاردێنن کە گرتویانەتەبەرو پەناگەی ئایین بەکاردێنن بۆ سەپاندنی سیستمی سیاسی (فریدێن/ مایکڵ، ٢٠١٢، ١٢١)، بەرگریکردن لە نەریت لای (کۆنسێرڤاتیزم) ڕەهەندێکی ئایینی هەیە، بە بڕوای ئەوان ئەگەر جیهان لە لایەن خوداوە دروست کرابێت، ئەوا داب و نەریتەکانیش بەخششێکی خودایین (هیود/ أندرو، ٨٦).

**سێیەم: نایەکسانی سروشتیانەی مرۆڤ**

کۆنسێرڤاتەکان بڕوایان بە پلەبەندی کۆمەڵایەتی هەیەو یەکسانی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکەنەوە، بە بڕوای ئەوان دەسەڵات و پێگەو خاوەندارێتی هەمیشە بە شێوەیەکی نایەکسان دابەشدەکرێت و یەکسانی کۆمەڵایەتی شایانی بەدیهێنان نیە (هیود/ أندرو، ٩٦)، هۆکاری ئەم نایەکسانیەش لای ئەوان بۆ جیاوازی و نایەکسانی مرۆڤ لەڕووی زیرەکی و توانای بڕیاردانەوە دەگەڕێتەوە ( Tower/ Lyman, 140).

**چوارەم: خاوەندارێتی تاکەکەسی**

(کۆنسێرڤاتیزم) بە گرنگیەوە لە خاوەندارێتی تایبەت دەڕوانێت وەدەستیوەردانی دەوڵەت لە بازاڕی ئابوریدا ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کە خاوەندارێتی تاکەکەسی مەرجێکی بنەڕەتی حکومڕانی دیموکراسیانەو ئازادی کردەوەی تاکەکەسیەو دەبێتەهۆی گەشەسەندنی ئابوری و دەرفەت لە بەردەم دەرکەوتنی نایەکسانی سروشتیانەی خەڵک دەڕەخسێنێت (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٨). خاوەندارێتی لای (کۆنسێرڤاتیزم) بەدەستهاتووەو سروشتی نیە، واتا مرۆڤەکان بەهۆی لێهاتوویەوەو لە ڕێگەی هەوڵ و کاری بەردەوامی خۆیانەوە بەدەستیدێنن نەک بە شێوەیەکی سروشتی خاوەنی بن، بە بڕوای ئەوان خاوەندارێتی سودێکی کۆمەڵایەتی هەیەو ئاسایش دابین دەکات و متمانە دەبەخشێتە مرۆڤ (هیود/ أندرو، ٩٨).

**پێنجەم: کۆمەڵگەی ئەندامی**

کۆنسێرڤاتەکان کۆمەڵگە وەکو لەشێکی زیندووی هاوشێوەی ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ یان وەکو قەوارەیەکی ئەندامی کە هەموو پارچەکانی پێکەوە کاردەکەن سەیر دەکەن، لەم ڕوانگەیەشەوە بیرۆکەی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) و ڕوانگەی ئامرازی بۆ کۆمەڵگە کە لە لایەن لیبراڵەکان و سۆسیالیستەکانەوە پشتگیری دەکرا ڕەتدەکەنەوە. لە دیدی ڕوانگەی ئەندامیدا، بونیادو دامەزراوەکان لە لایەن هێزێکی باڵا دەستەوە کە لە سەرووی دەسەڵات و تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە دروستکراوەو مرۆڤیش پابەندە بە پارێزگاریلێکردن و ڕێزلێگرتنی (أندرو هیود/ أندرو، ٩٥). سیستمی پاشایەتی لای زۆربەی کۆنسێرڤاتەکان باشترین گوزارشتکاری ئەو ڕوانینە ئەندامیەیە، بە گوێرەی ئەوان دەوڵەت لەشێکی زیندووە پاشا سەری ئەو لەشەیەو دامەزراوەکانیش بەشە پێکهێنەرەکانی

ئەون، هەر بەشێکیش ئەرکی خۆی بە پلەو ڕێژەی جیاواز هەیە (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٠).

**شەشەم: خێزان و دەسەڵاتخوازی**

خێزان لە دیدی (کۆنسێرڤاتیزم)دا یەکەی بنەڕەتی کۆمەڵگەو بنەمای سەرەکی هەر سیستمێکی سیاسی پێکدێنیت و باڵادەستی باوک لە خێزاندا لە ئاستێکی بەرزتر لە کەسایەتی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت کە پێویستە بەهێزو بە دەسەڵات بێت (٣٥). ڕەوتی کۆنی (کۆنسێرڤاتیزم)، بانگەشەی لە پێناوی ئەرستۆکراتیەت و لە پێشتربوونی کۆمەڵگە یاخود سەروەری دەوڵەت بەسەر تاکداو گرنگی ستەمکارانەی پیرۆزکراو دەکرد (گیدنز/ ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست و چەپدا، ٧٦).

**تەوەری دووەم**

**مێژووی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) لە نەرێتگەراییەوە بۆ ڕاستی نوێ**

لە هزری ئەفلاتون و ئەرستۆدا هیچ ئاماژەیەکی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) دەرناکەوێت، ئەوان پشتگیریان لە گۆڕان دەکردو کۆمەڵگەی سیاسیان وەکو بەرئەنجامی گۆڕانێکی بەردەوام سەیر دەکرد. لە هزری ڕۆمانی کۆنیشدا (سیسیرۆ) کە لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕەواقیدا بوو، بڕوای بە یاسای سروشتی هەبوو، وە بڕوای بە یەکسانی جەوهەری نێوان ژن و پیاو هەبوو، بەڵام لە کردەوەدا کۆنسێرڤات بوو، نەریتەکانی کۆماری ڕۆمانی لە دژی دەسەڵاتخوازێتی ئیمپراتۆریای نوێی ئۆگەستین بەرز دەنرخاند. لە هزری سەدە ناوەڕاستەکانیشدا شێوازێک لە (کۆنسێرڤاتیزم) لای (تۆماس ئەکوینی) بەدیدەکرا، ئەکوینی بەهای دەوڵەتی بەرز دەنرخاندو وەکو بەرهەمی ویستی ئیلاهی سەیری دەکرد (Quinton/ Anthony, 289). هزری (جان بۆدان) یش لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا بە تیۆریاکەی دەربارەی دەسەڵاتی خاوەن سەروەری و دەوڵەتی بەهێز، ڕوانگەی کۆنسێرڤاتانەی پێوە دیاربوو، بۆدان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سەرچاوەی سەروەری لە یاسادا خۆی بابەتی هەردوو یاسای خودایی و سروشتیە (290).

لێرەوە دەبینین جۆرێک لە ڕوانینی کۆنسێرڤاتانە لە مێژووی هزری سیاسیدا هەر لە کۆنەوە لە ئارادا بووە، بەڵام دەرکەوتنی (کۆنسێرڤاتیزم) وەکو ڕەوتێکی هزری بەم شێوەیەی ئێستا لە ئارادایە بۆ دوای سەردەمی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوە، ئەم هزرە وەکو نەیارێکی ڕەوتی ڕۆشنگەری ئەوروپا سەریهەڵداو وەکو دژە کردەوەیەک لە هەمبەر لیبراڵیزم و عەقڵانیەتی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و مۆدیرنیزم هاتەکایەوە (بەشیریە/ حسێنی، لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم، ٢١١). کتێبەکەی (ئیدمۆند بێرک) (تێڕامان لە شۆڕشی فەرەنسی – the reflection of the French revolution) لەساڵی (١٧٩٠)، واتا ساڵێک دوای شۆڕشەکەی فەرەنسا، دەستپێکی سەرهەڵدانی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) بوو. (بێرک) لەم کتێبەیدا ڕەخنەی لە شۆڕشی فەرەنسی دەگرت بەوەی شۆڕشێکی توندوتیژەو بانگەشە بۆ ئازادی تاک و ڕوخاندنی سیستمی پاشایەتی و داڕماندنی بەهاو نەریتەکان دەکات. لەم میانەیەشدا بەڵگەی دەهێنایەوە کە کۆمەڵگە لەسەر دیسپلینێکی ئەخلاقی ڕاوەستاوەو نەریت و دەمارگرژیەکان پاشەکەوتی پڕ بەهای ڕابوردون و پاڵنەری کردەوەی مرۆڤ هەست و سۆزی ناعەقڵانیە نەوەک

عەقڵی ئەبستراکتی تاک (بەشیریە/ حسێنی، لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم، ٢١٣).

بەم پێیەش (کۆنسێرڤاتیزم) زیاتر هزرێکی تایبەت بە ڕۆژئاوایەو دژی بەهاکانی ڕۆشنگەری لە ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، لێرەشەوە بە دەگمەن (کۆنسێرڤاتیزم)ی سیاسی لە دەرەوەی ئەوروپاو ئەمریکای لاتین بەدیدەکرێت و لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای باکور هەرچەندە بزاوتگەلی سیاسی بۆ بەرهەڵستی گۆڕان و پارێزگاریکردن لە نەریتەکان سەریانهەڵدا، بەڵام بە دەگمەن بە دیاریکراوی تێزو بەهاکانی (کۆنسێرڤاتیزم)یان بەکاردێنا. ئەمریکاش بەو پێیەی سیستمە سیاسیەکەیی و کولتوری سیاسیی باڵادەست تێیدا بەهای پێشکەوتنخوازانەو لیبراڵانە بە قووڵی ڕەگی تیا داکوتابوو، ئەوا بەشێوەیەکی کەم کاریگەر بوو بە هزرە کۆنسێرڤاتەکان (هیود/ أندرو، ٨٧).

هزری (کۆنسێرڤاتیزم) پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ هزری لیبراڵیزمدا هەیەو سەرهەڵدانی (کۆنسێرڤاتیزم) لە بنەرەتدا، دەرئەنجامی سەرهەڵدانی ڕوانگەی لیبراڵیستی بوو لە هزری سیاسیدا، بەم پێیەش قۆناغەکانی گەشەکردنی (کۆنسێرڤاتیزم) لەگەڵ ئەو قۆناغانەی کە هزری لیبراڵیزمی پێدا تێپەڕیوە لە پەیوەندیدایە.

هەر بە گوێرەی ئەمەش باس لە سێ قۆناغی سەرەکی دەکرێت کە هزری (کۆنسێرڤاتیزم)ی پێدا تێپەڕیوە، کە هەمان قۆناغەکانی گەشەکردنی هزری لیبراڵیزمن کە لێرەدا بە کورتی باسی دەکەین:

**یەکەم: (کۆنسێرڤاتیزم)ی کلاسیک یان نەریتی:**

(کۆنسێرڤاتیزم) لەم قۆناغەدا دەستی لەسەر پێداگری لەسەر خاوەندارێتی زەوی و باوکسالاری کۆمەڵایەتی و سیاسی کێشایەوەو پرەنسیپەکانی ئابوری لیبراڵیزمی کلاسیکی قبوڵکرد.

**دووەم: (کۆنسێرڤاتیزم)ی باوکسالارانە:**

لەم قۆناغەدا (کۆنسێرڤاتیزم) لەگەڵ کەوتنەوەی قەیرانی ئابوری و گۆڕانی ڕەوتی لیبراڵیزم بەرەو ڕوانگەی دەستێوەردانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی، گەڕایەوە سەر پرەنسیپەکانی باوکسالاری کۆمەڵایەتی پێشوو و پشتگیری لە دەوڵەتی گشتگیر دەکرد.

**سێیەم: (کۆنسێرڤاتیزم)ی نوێ:**

(کۆنسێرڤاتیزم) لەم قۆناغەدا دووبارە گەڕاوەتەوە سەر پرەنسیپەکانی ئابوری ئازاد و لە ئاوێتەبوون لەگەڵ نیولیبراڵیزمدا ڕاستی نوێی پێکهێناوە (بەشیریە/ حسێنی، لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم، ٢٢٠- ٢٢١).

لەم ڕوانینەدا هزرە کۆنسێرڤاتەکان بە هەمان شێوەی لیبراڵیزمی کلاسیک لە سەرەتادا بەرگری لە ئابوری بازاڕی ئازادو دەوڵەتی لانی کەم کردوەو دواتر لەگەڵ گۆڕانی ڕەوتی لیبراڵیزم بە ئاراستەی بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی وەرچەرخاوە، لە کۆتاییشدا جارێکیتر دیسانەوە گەڕاوەتەوە سەر بیروڕاکانی لیبراڵیزمی کلاسیک و جەختی لەسەر ئابوری ئازادو دەوڵەتی لانیکەم کردۆتەوە.

(ئەندریۆ هیود) مێژووی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) بەسەر دوو قۆناغی سەدەی نۆزدەو سەدەی

بیستدا دابەش دەکات، لە ڕوانگەی ئەوەوە لە سەدەی نۆزدەدا (کۆنسێرڤاتیزم) بەشێوەیەکی توند بە بەرگریکردن لە دەسەڵاتخوازی و خاوەندارێتی و ئەرستۆکراتیەتەوە گرێدراوە، هەرچی (کۆنسێرڤاتیزم)ی سەدەی بیستیشە لای (هیود) بەسەر دوو ڕوانگەی جیاوازو دژ بە یەکدا دابەش دەبێت، لە یەکەمدا پشتگیری لە دەستیوەردانی دەوڵەت دەردەکەوێت و لە دووەمیشدا پابەندبونێکی ئازادخوازانە بە بازاڕی ئازاد خۆی دەنوێنێت (هیود/ أندرو، ٨٨).

لێرەشەوە دەردەکەوێت کە پرسی دەستێوەردانی دەوڵەت و بەرگریکردن لە ئازادی تاک و بازاڕی ئازاد بە بەردەوامی لای کۆنسێرڤاتەکان بۆچونی جیاوازی بەدیهێناوەو ئەم دوو بەهایە (دەوڵەتی دەستێوەردەر) و (ئابوری بازاڕی ئازاد) دوو ڕوانگەی دژبەیەکی لای کۆنسێرڤاتەکان دروستکردوە کە شانبەشانی یەکتر بە گوێرەی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەم هزرە ئامادەییان هەبوە.

بە پشتبەستن بەو پۆلینکردنانەی سەرەوەو بە گوێرەی ڕوانگەی بیرمەندانی هزری (کۆنسێرڤاتیزم)، دەکرێت مێژووی ئەم هزرە بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا دابەش بکەین، کە ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: (کۆنسێرڤاتیزم)ی کلاسیک، دووەم: ڕاستی نوێ.

**یەکەم/ (کۆنسێرڤاتیزم)ی کلاسیک:**

(کۆنسێرڤاتیزم)ی کلاسیک لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا پشتگیری لە هزری لیبراڵیزم دەکرد بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدار بوو بە بازاڕی ئازاد، کە دەکرێت بڵێین ئەوە ڕوانگەیەکی ئازادخوازانەی (کۆنسێرڤاتیزم) بوو کە نەریتێکی ململانێکەری بەرامبەر (کۆنسێرڤاتیزم)ی باوکسالارانە پێکدەهێنا (هیود/ أندرو، ١٠٦). (کۆنسێرڤاتیزم)ی ئازادیخواز هەرچەندە بڕوای بە تاکگەرایی لیبراڵیزم هێناوە، بەڵام نایەوێت پرەنسیپی تاکگەرایی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە. وە ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەیان بەرامبەر سروشتی مرۆیی هەیە، هەر بۆیەش دەوڵەتێکی بەهێز بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی گشتی و زامنی ئاسایش و تەناهی کۆمەڵگە بە پێویست دەزانن، لە هەمان کاتدا پشتگیری لە بازاڕی ئازاد دەکەن و بە زامنکەری سیستمی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمی دەدەن، بەو مانایەی کە هێزی بازاڕ چالاکی ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات و بەسەریدا زاڵدەبێت (هیود/ أندرو، ١٠٧).

(کۆنسێرڤاتیزم) لە فەرەنساو ئەڵمانیا شەقڵێکی توندڕەوانەی بەراورد بە (کۆنسێرڤاتیزم)ی بەریتانیا بەخۆیەوە گرت، ئەمەش بۆ هەبوونی سەقامگیری ڕێژەیی لە بەریتانیاو شۆڕش و توندوتیژی لە فەرەنساو ئەڵمانیا دەگەڕایەوە. فەرەنسا درێژکراوەیەکی گەورەی شۆڕشی ئەزمونکردبوو کە تا سەردەمی ناپلیۆن درێژەی کێشا. هەرچی ئەڵمانیاشە لە لایەن فەرەنساوە دووچاری شکاندن و داڕوخانی گەورە هاتبوو. هەر بۆیە بیرمەندانی کۆنسێرڤات لەم دوو وڵاتەدا ڕوانگەیەکی زیاتر ڕادیکاڵانەیان گرتەبەر بۆ بەرگریکردن لە دۆخی باوو دژایەتی گۆڕانی سیاسی (Quinton/ Anthony, 293).

ڕیشەی نەریتی (کۆنسێرڤاتیزم)ی باوکسالار دەگەڕێتەوە بۆ (بنیامین دیزرائیلی) (١٨٠٤-١٨٨١) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، دیزرائیلی فەلسەفە سیاسیەکەی لە هەردوو ڕۆمانەکەی پەرەپێدەدات، کە پێش سەرۆک وەزیران بوونی نوسیونی، لەم دوو ڕۆمانەدا جەخت لەسەر بنەماکانی ئەرکی

کۆمەڵایەتی دەکاتەوەو دژایەتی تاکگەرایی پەرگیر دەکات کە لەو کاتەدا لەناو دامەزراوەکانی حکومڕانیدا باو بوو (هیود/ أندرو ص١٠٢). دیزرائیلی بە هەمان شێوە، جەخت لەسەر گرنگی داب و نەریتەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکاتەوەو پێی وایە گۆڕان حەتمیەو ڕێگەی لێناگیرێت بەڵام گرنگ ئەوەیە لەگەڵ داب و نەریت و کولتوری باوی نەتەوەکە گونجاو بێت (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٧).

بەم شێوەیە (کۆنسێرڤاتیزم)ی بەریتانی (کۆنسێرڤاتیزم)ێکی میانڕەوەو دژی گۆڕان نیە بە تەواوی، بەڵکو ئەو گۆڕانێک کە لەگەڵ کولتوری کۆمەڵگەو داب و نەریتە باوەکاندا بگونجێت بە شیاو دەزانێت. واتا بە بڕوای ئەوان گۆڕان لە خودی خۆیدا خراپ نیە، بەڵکو کاتێک خراپ دەبێت کە دژی نەریتەکان بێت و ئەوەی مێژوو بە درێژایی چاخەکان لە ئەخلاق و ئایین و داب و نەریت کۆیکردۆتەوە، لە ناویی ببات و بیسڕێتەوە.

لە بەرامبەر (کۆنسێرڤاتیزم)ی میانڕەوی بەریتانی، (کۆنسێرڤاتیزم)ی فەرەنسی زیاتر فەندەمێنتاڵ بوو، وە حەدی و دیسپلینی بوو. هەردوو بیرمەندی (کۆنسێرڤاتیزم) (لویس دی بۆ ناڵد – Louis de Bonald) و (جۆزێف دی میستەر – Joseph de Maistre) عەقڵیان بەکارهێنا بۆ ئینکاریکردنی بانگەشەی عەقڵ لە کاروباری مرۆییداو جەختیان لەسەر ڕەمەک بە تایبەتی ڕەمەک بۆ نوسان بە نەریتەکانەوە دەکردەوە (Quinton/ Anthony, 293).

بۆناڵد و میستەر، بۆ ئەوە ڕۆشتوون کە مرۆڤ بە ڕەمەک کۆمەڵایەتیەو ئەم بوونە کۆمەڵایەتیەش لە میانەی مێژوودا بەرجەستە بووە، لەم دیدگایەشەوە بیرۆکەی دۆخی سروشتی کۆمەڵگە بەو شێوەیەی (جاک جاک ڕۆسۆ) باسی دەکات، ڕەتدەکەنەوە. ئەوان لەم بارەدا خاوەنی دیدێکی تیۆلۆژین و پێکهاتنی کۆمەڵگە بە بوونی کۆمەڵایەتیانەی تاکەکانیشەوە بە خودایی لە قەڵەم دەدەن کە دەسەڵاتی خودا تیایدا ڕەنگدەداتەوە، بەم مانایەش هەمیشە پابەندیەکان لە پێش مافەکانەوەن و بە گوێرەی ئەمەش مافە ئەخلاقیەکان ڕەمەکی و ڕەسەنن و لە سیستمی کۆمەڵایەتیداو لە تاکەوە لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێنەوە. زمانیش لە دیدی ئەواندا دروستکراوی پەروەردگارە نەک دانراوی مرۆڤ، بەردەوامبوونی سیستمی کۆمەڵایەتیش کۆمەڵگە ئەخلاقیەکان بۆ خێزان و کەنیسەو دەوڵەت دروستی دەکەن (گیدنز/ ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست وچەپدا، ٧٥).

هەرچی (کۆنسێرڤاتیزم)ی ئەڵمانیشە زیاتر شەقڵێکی ڕۆمانتیکانەی بەسەردا زاڵبوو، وە هەستێکی سۆزدارانەی بۆ ڕابوردوو تیا بەدیدەکرا. لە ڕێکخراوی فیوداڵیزمدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چوارچێوەیەکی مێژوویی دەبینی کە لە میانەیدا ڕۆحی جێرمەن پەرەی سەندبوو، لەسەر ئەم بڕوایەش دەوڵەت ماشینێک نیە بۆ پارێزگاریکردن لە مافە سروشتیەکان یان بەرژەوەندە تاکیەکان. بیرمەندێکی وەکو (هێردەر) پێی وابوو کە هەر نەتەوەیەک کاراکتەرو پێداویستی تاقانەی خۆی هەیەو لەم دیدگایەشەوە دەستبەرداری لیبراڵیزمی ئەبستراکتی کانت دەبێت کە لە لابردنی سنوری نەتەوەیی و خۆلادان لە شەڕ خۆی دەبینێتەوە (Quinton/ Anthony, 293).

بەم شێوەیە (کۆنسێرڤاتیزم)ی فەرەنسی و ئەڵمانی هەروەکو ئاماژەمان پێدا، زیاتر پابەندی ئایین بوون و زیاتر توندڕەوو ڕادیکاڵ بوون و دژی هەموو شێوازێکی گۆڕان بوون و خوازیاری گەڕانەوەیەکی تەواوەتی بوون بۆ ڕابوردوو، لەم ڕوانگەیەشەوە کۆنەپارێز بوون.

بە شێوەیەکی گشتی، ڕەوتی کۆنی (کۆنسێرڤاتیزم) بانگەشەی لە پێناوی ئەرستۆکراتیەت و لەپێشتربوونی کۆمەڵگە یاخود سەروەری دەوڵەت بەسەر تاکدا دەکرد (گیدنز/ ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست وچەپدا، ٧٦). لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا کۆنسێرڤاتەکان دەرەبەگی ئەرستۆکرات و بەرەی بەرزە کارمەندانیان بە توێژی ڕێبەری کۆمەڵگە دەزانی (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٥). (کۆنسێرڤاتیزم)ی ئەم سەردەمە دژە ئایدۆلۆژیایەک بوو بەرامبەر هەم لیبراڵیزمی سیاسی و هەم لیبراڵیزمی ئابوری، بە توندی ڕەخنەیان لە بازاڕی ئازاد دەگرت. بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا جۆرێکی نوێ لە (کۆنسێرڤاتیزم)ی کۆمەڵایەتی پەیدابوو، هەنگاوی یەکەم وردە وردە بیرۆکەی مافی گشتی دەنگدانیان سەلماند. دووەم سیاسەتی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیان پەسەند کرد، ئامانجیان ئەوەبوو چینی کرێکار تێکەڵی هاوبەندی نەتەوەیی ببێت و بەوەش ڕێگە لە یاخیبوون و شۆڕش بگیرێت (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣١). لەو سەدەیەدا هەڵوێستی کۆنسێرڤاتەکان بەرامبەر دیموکراتی لە بەربەرەکانیەکی توندەوە گۆڕا بۆ سەلماندنێکی پلەدار. بەرفراوانکردنی مافی دەنگدان لە کۆنسێرڤاتی کۆمەڵایەتیدا بووە خاڵێکی سەرەکی. دیموکراسی لیبراڵ هەر زوو تێهەڵکێشی (کۆنسێرڤاتیزم) کرا، لە ڕێی خەبات دژ بە نازیزم و کۆمۆنیزم دیموکراتی بووە نرخاندنێکی گەورەی (کۆنسێرڤاتیزم). نیشانەی (کۆنسێرڤاتیزم)ی سەدەی بیستەم بووە هەوڵدان بۆ پاراستنی نرخاندنی گرنگی کۆنسێرڤاتانە لە نێو چوارچێوەی دیموکراسی سیاسیدا، ئەو نرخاندنەش بریتین لە: بەردەوامی، نەگۆڕی، سیستمی دادگەری، موڵکایەتی تایبەت و سەربەخۆیی تاکەکەس و گروپ بەرامبەر دەسەڵاتی سێنتراڵی دەوڵەت (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٧).

(کۆنسێرڤاتیزم) هەرچەندە لە سەرەتادا پشتگیری لە ئابوری بازاری ئازادو بیرۆکەی دەوڵەتی پاسەوان دەکرد کە لیبراڵیزم هێنایەکایەوە، بەڵام دواترو بە درێژیی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ڕۆڵی دەوڵەتی لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا بەرز دەنرخاندو دژی تاکگەرایی لیبراڵیزم و ئابوری بازاڕی ئازاد بوو. دواتریش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کۆنسێرڤاتەکان لە ژێر ناوی ((کۆنسێرڤاتیزمی نوێ) یاخود (ڕاستی نوێ) کەوتنەوە بەرگریکردن لە بیرۆکەی لیبراڵیزمی کلاسیک لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و پشتگیریکردن لە بازاڕی ئازاد.

**دووەم/ (کۆنسێرڤاتیزم)ی نوێ (ڕاستی نوێ):**

هەریەک لە (پیتەر فیرێک- Peter Viereck) و (ڕەسڵ کیرک- Russel Kirk) لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەکو دوو نوێنەری شەپۆلی یەکەمی کۆنسێرڤاتیزمی نوێ دەرکەوتن، هەرچی شەپۆلی دووەمە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداو سەرگەرمی دژایەتی ڕوانگەی چەپایەتی شەستەکان بوو. بیرمەندانی ئەم قۆناغە بەشێکیان مارکسیست بوون، وەک (ئیرڤینگ کریستۆڵ- Irving Kristol) لە ئەمریکاو (ڕۆجەر سکروتون- Roger Scruten) لە بەریتانیا (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٢).

بە بڕوای (پیتەر فیرێک) سیستمی پاشایەتی باشترین سیستمە کە پشتگیری لە گۆڕانی ئاشتیانە دەکات، فیرێک بەڵگە دێنێتەوە کە ئەو وولاتانەی ئەوروپا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە

سیستمی پاشایەتیان پاراستوە گوزەریان بەرەو دیموکراسی ئاشتیانە بووە (٣٨). (ڕەسڵ کیرک) یش بە چاوی گومانەوە لە مرۆڤ دەڕوانێت و بڕوای بە بێگەردی مرۆڤ نیەو دەڵێت ئایدۆلۆژیست و سیاسەتمەدار دەشێت تەمایان وەهابێت کارێک بکەن ژیان بۆ گوزەران بگونجێت نەک بیگەیەننە پلەی بێگەردی چونکە مرۆڤ بێگەرد نیەو بێگەردی شیاوی بەدیهێنان نیە (٤٠). بەم پێیەش هەریەک لە فیرێک و کیرک دژی گۆڕانی ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانەن کە لە لایەن جەمارەوە بەدیدێت و پشت بە توندوتیژی دەبەستێت، فیرێک جەخت لەسەر گرنگی گۆڕانی ئاشتیانە دەکاتەوەو کیرکیش دژی ڕوانگەی مێژووگەراییە کە موژدەی بەدیهێنانی بەهەشت دەدات لە داهاتودا.

لە ئەڵمانیاش (کۆنسێرڤاتیزم)ی نوێ لە ماوەی دوو دەیەی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا دەرکەوت و بیرمەندانی وەکو (هانز فریار- Hans Freyer) و (ئەرنۆڵد گێهلێن- Arnold Gehlen) نوێنەرایەتیان دەکرد، کە بۆچونەکانیان لە ژێر کاریگەری هزری ناسیۆنال-سۆسیالیزمدا بوو. ئەمانە بۆ ئەوە دەچوون کە نوێگەری مەیلی بەلای هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە نەریتیە مێژووییەکاندا هەیە کە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی بۆ ژیان پێکدەهێنن. بە بڕوای (گێهلن) کۆمەڵگەی سەرمایەداری، (گەندەڵی ئەخلاقی) بەرهەمهێناوەو ئەم گەندەڵیەش دەکرێت لە ڕێگەی دەوڵەتی بەهێزەوە یاخود چالاکی دەستەجەمعی بازنەفراوانەوە بە سەریدا زاڵبین، ئەرکی (کۆنسێرڤاتیزم)یش لەم میانەیەدا هێشتنەوەی دەزگا نەریتیەکانی هاوشێوەی خیزان یان کەنیسیە لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت و ئابوری (گیدنز/ ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست وچەپدا، ٨٦). (فریار) یش پێی وایە سیستمە کۆمەڵایەتیە پێش مۆدێرنەکان لەسەر پایەگەلێکی بەهێزی خاوەن پەیوەندی پتەو بە ڕیتمە بنەڕەتیەکانی ئەزمونی مێژووییەوە وەستاون (٨٧).

بەم پێیە شەپۆلی یەکەمی (کۆنسێرڤاتیزمی نوێ) درێژە بە ڕەوتی کۆنی (کۆنسێرڤاتیزم) دەدات و پشتگیری لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەت و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوریدا دەکات. ئەم بۆچونەش لەسەر بنەمای ئەو هزرە نەریتیەی (کۆنسێرڤاتیزم) دادەمەزرێت کە گۆڕانە شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیەکان بە مەترسی بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەزانێت و ڕاماڵینی بەهاو نەریت و کولتورەکان کە بەرهەمی مێژوون بە ئافاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەترسیدار سەیر دەکات.

هەرچی شەپۆلی دووەمی (کۆنسێرڤاتیزمی نوێ) یە کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکرد، زیندوکردنەوەیەکی بەرچاوی هزری (کۆنسێرڤاتیزم)ی سەرەتایی داکۆکیکار لە ئابوری بازاڕی ئازاد بوو. ئەم شەپۆلەی (کۆنسێرڤاتیزم) دەرئەنجامی نیگەرانی و ترس لە دەستیوەردانی دەوڵەت و پەرەنسیپی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بوو کە لە شەستەکانی ئەو سەدەیەدا باوبوو (هیود/ أندرو، ٨٨). کۆنسێرڤاتە نوێیەکان لەو باوەڕەدا بوون کە هۆکاری سەرەکی کەوتنەوەی قەیرانی ئابوری دەستێوەردانی دەوڵەت بووە لە کاروباری ئابوریدا، بە باوەڕی ئەوان گەشەکردنی ئابوری پێویستی بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەیەو دەستێوەردانی فراوانی دەوڵەت لە کاروباری ئابوریدا دەبێتە مایەی لاوازی کەسایەتی ئەخلاقی خەڵک و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکانیان (بەشیریە/ حسێنی، لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم، ل٢٢٣).

لەم میانەیەدا بە شێوەیەکی تایبەت هەریەک لە حکومەتی تاتشەر لە بەریتانیاو (١٩٧٩-١٩٩٠)

وە ئیدارەی ڕێگان لە ئەمریکا (١٩٨١-١٩٨٩) دەرکەوتن کە وێنەیەکی ئایدۆلۆژی و ڕادیکالیان لە (کۆنسێرڤاتیزم) پیادەکرد کە پێی دەوترا (ڕاستی نوێ)، هزرەکانی ڕاستی نوێ بە شیوەیەکی گشتی لە ئابوری بازاڕی ئازاد سودی وەرگرت و لەم میانەیەشدا بە لیبراڵیزمی کلاسیک کاریگەر بوو کە لەسەر دەستی نیۆلیبراڵیزمدا جارێکی تر نوژەن کرایەوە (هیود/ أندرو، ٨٨). ڕاستی نوێ بەرەنگاری ڕوانگەی ئابوری (کۆنسێرڤاتیزم)ی کلاسیکی دەکرد، بەڵام هەر سەر بە ئایدۆلۆژیای (کۆنسێرڤاتیزم) بوو، بەو پێیەی سەرباری پەرۆشیەکانی لەسەر بازاڕی ئازاد، هێشتا لە پرەنسیپە کۆمەڵایەتیەکانی (کۆنسێرڤاتیزم)ی کلاسیکی وەکو بڕوابون بە سیستم و دەسەڵات و دیسیپلین، لاینەداو لە هەندێ ڕووەوە هەستا بە بەهێزکردنیان (هیود/ أندرو، ٩١). بەڵام پشتگیری کردنی لە بەهاو پرەنسیپەکانی ئابوری بازاڕی ئازادو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، ڕوانگەیەکی ڕادیکالانەی بە ڕاستی نوێ بە خشی. ئەم ڕادیکاڵیزمەی ڕاستی نوێش لەسەر عەقڵانیەت دادەمەزرێت لە ڕێگەی پابەندبوون بە بنەماو تیۆریا ئەبستراکتەکان بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدار بوون بە ڕوانگەکانی نیۆلیبراڵیزمەوە (هیود/ أندرو، ٩٣).

بەم پێیەش (ڕاستی نوێ) لە بنەڕەتدا هاوسەرگیری نێوان دوو نەریتی ئایدۆلۆژی جیاواز بوو، یەکەم: (ئابوری لیبراڵیزمی کلاسیکی) کە جارێکیتر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لە میانەی ڕەخنەکردنی دەوڵەتی گەورەو ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە ژێر ناوی (ڕاستی نوێی لیبراڵی) یان (نیۆلیبراڵیزم) زیندووکرایەوە. دووەم: تیۆریای کۆمەڵایەتی (کۆنسێرڤاتیزم)ی نەریتی – دیزرائیلی – بە تایبەتی لە بەرگریکردنیان لە سیستم و دەسەڵات و دیسپلین کە بە (ڕاستی نوێی (کۆنسێرڤاتیزم) یاخود (کۆنسێرڤاتیزمی نوێ) ناوزەد دەکرێت. هەر بۆیەش ڕاستی نوێ لە لایەک داوای کەمکردنەوەی باجی لسەر بازاڕی دەکردوو لە لایەکیتر سەپاندنی چاودێری زیاتری لەسەر تەلەفزیۆن و فلیمەکان، تەنانەت کەمپەین لە دژی کۆچ و دەرکردن، بە پێویست دەزانی (هیود/ أندرو، ١٠٨).

لە کاتێکدا کۆنسێرڤاتە نەریتیەکان بڕوایان بەوە هەبوو کە کۆمەڵگە بە باشترین شێواز لە ڕێگەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی هەژاریەوە دادەڕێژرێتەوە. کۆنسێرڤاتە نوێیەکان جەختیان لەسەر بەهێزکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی دانان بە دەسەڵات و سەپاندنی دیسپلینی کۆمەڵایەتی دەکردەوە، وە دەسەڵاتخوازێتی کۆنسێرڤاتە نوێیەکان تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ ئازادیخوازێتی نیۆلیبراڵیزم یەکی دەگرتەوە، کە هەردووکیان ڕزگاربونیان لە بەرپرسیارێتی ئابوریانەی دەوڵەت قبوڵ دەکرد (هیود/ أندرو، ١١٣). بەڵام ڕوانگەیان دەربارەی بابەتی ئەخلاقی جیاواز بوو، لە کاتێکدا فرەئەخلاقی لای نیۆلیبراڵیزم کارێکی دروستە بەو پێیەی هانی جۆراوجۆری و مشتومڕی عەقڵانی دەدات، لای نیۆ(کۆنسێرڤاتیزم) هەڕەشەیەکی قووڵی بەرجەستە دەکرد، بەو پێیەی زیان بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت و دەبێتەهۆی بەدیهاتنی (کۆمەڵگەی ئیباحی). کە مەبەست لێی ئەو کۆمەڵگەیەیە تیایدا پێوانەگەلی ئەخلاقی و پێوەرگەلی مەعنەوی یەکگرتوو لە ئارادا نیە کە یارمەتی و ڕێنوێنی پێشکەشی تاک و خێزانەکانیان بکات (هیود/ أندرو، ١١٤).

**تەوەری سێیەم**

**ڕوانگەی (کۆنسێرڤاتیزم) بۆ گۆڕانی سیاسی**

(کتێبی (تێڕامانەکان دەربارەی شۆڕشی فەرەنسی - ١٧٩٠) ی (ئیدمۆند بێرک) و کتێبی (ڕوانگەکان دەربارەی فەرەنسا – ١٧٩٦) ی (بۆناڵد دیمیستەر)، هەمان ڕقن بەرامبەر خواستی عەقڵانیەتی جێبەجێکراو بەسەر کۆمەڵگەی مرۆییداو هەمان باوەڕن بە خواستی خودایی باڵادەست بەسەر چارەنووسی گەلاندا، وە هەمان ڕاڤەی ئەخلاقین بۆ مێژوو کە وادەبینێت ستەمەکان سزای خودایین لەسەر گوناهەکانی مرۆڤ (توشار/ جان، ٦٣٧). لێرەشەوە بە بڕوای کۆنسێرڤاتەکان سیاسەت کە ڕەنگدانەوەی عەقڵی مرۆڤە هەرگیز دەرفەتی پیادەکردنی لەسەر زەمینی واقیع نیەو هیچکاتیش عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت پلان بۆ کۆمەڵگە دابنێت و نەخشەی کۆمەڵگەیەکی دڵخواز بکێشێت (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٣). هەروەکو (بێرک) دەڵێت: "تورەیی و شێتی دەتوانن لە ماوەی نیو سەعاتدا زیاتر لەوە بڕۆخێنن کە حیکمەت و عەزم و چاوساخی دەیانەوێت لە سەد ساڵدا بونیادی بنێت" (گیدنز/ ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست وچەپدا، ٧٧).

بە سەرنجدان لە هزرە کۆنسێرڤاتەکان دەردەکەویت کە سەرەڕای ئەوەی (کۆنسێرڤاتیزم)ی کیشوەری ئەوروپا هەڵوێستێکی بەرگریکارانەیان لە هەمبەر گۆڕان گرتەبەر، نەریتێکی ئەنگلۆ-ئەمریکی لە ئارادایە کە زیاتر میانڕەوەو دژی گۆڕان نیە بە تەواوی، بەڵکو شێوازێک لە گۆڕان کە هێمنانەو هەنگاو بە هەنگاو بێت بە پێویست دەزانێت (هیود/ أندرو، ١٠١). ئەم شێوازەی (کۆنسێرڤاتیزم) لە هزری (دیزرائیلی) دا بەرجەستە دەبێت، دیزرائیلی ڕەخنەی لە نایەکسانی و جیاوازی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان لە بەریتانیا دەگرت و دەترسا ئەم نایەکسانیە شۆڕشی لێبکەوێتەوە. لەم پێناوەشدا ڕیفۆرمی لە پێناوی ڕێگرتن لە شۆڕش بە زەروری و گرنگ سەیر دەکردو خودی خۆیشی چەند ڕیفۆرمێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامدا، لەوانە: بەخشینی مافی دەنگدان بە کرێکاران و باشتکردنی دۆخی نیشتەجێبوون و تەندروستی لە بەریتانیا (هیود/ أندرو، ١٠٣).

کۆنسێرڤاتەکان بە گوێرەی ئەمە یەکەم لایەن بوون کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاویان وەکو میتۆدێکی سیاسی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە پەسەند کرد، بەڵام لە بەکارهێنانی میتۆدی شۆڕشگێڕانەدا لەگەڵ لیبراڵیزم و سۆسیالیزمی ڕیفۆرمخوازدا جیاواز بوون، ئەوان میتۆدی شۆرشگێڕانە تەنانەت ئەگەر بۆ خستنی دیکتاتۆرێکی دزێویش بێت ڕەتدەکەنەوە (لارسۆن/ ڕەیدار، ٣٦). بەم پێیەش (کۆنسێرڤاتیزم) کۆنەپارێز نیەو بە ڕەهایی گۆڕان ڕەتناکاتەوە، بەڵکو ئەو شێوازەی گۆڕان ڕەتدەکاتەوە کە توندوتیژانە بێت و گۆڕینی تەواوەتی کۆمەڵگە بکاتە ئامانج ( Quinton/ Anthony, 288). ئەم بۆچونەی کۆنسێرڤاتەکانیش لەسەر بنەمای هزرێک دادەمەزرێت کە پوختەکەی ئەوەیە گۆڕانی ڕیشەیی و توندوتیژ کە خوازیاری گۆڕینی تەواوەتی بونیادەکانی کۆمەڵگەیە، ئەو سەقامگیری و ڕێکخستنە دەخاتە مەترسیەوە کە ژیان لە سایەیدا عەقڵانیانەو هێمنانە ڕێدەکات (294).

بەم شێوەیەش خاڵێکی هاوبەش کە لە تەواوی بەڵگەهێنانەوەی کۆنسێرڤاتەکاندا ئامادەیی هەیە، بریتیە لە ناکۆکیەک دەربارەی شێوازی گۆڕان و پێویستی جیاکردنەوەی ئەو گۆڕانەی بە شێوەیەکی سروشتی و لەخۆوەیی ڕوودەدات و ئەو گۆڕانەی بە خواستی مرۆڤ و لەسەر بنەمای

پلانێکی پێشوەختە ئەنجامدەدرێت، واتا جیاوازی نێوان گۆڕانی سروشتی و گۆڕانی ناسروشتی (فریدێن/ مایکڵ، ١٢٠).

لەم ڕوانگەیەشەوە کۆنسێرڤاتەکان بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەو ڕیشەیی، تەنها لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕوودەدات کە تیایاندا (پەرەسەندن – evolution) واتا گۆڕینی هەنگاو بە هەنگاوو سروشتی گەیشتبێتە بنبەست. هەربۆیەش سیاسەتی کۆنسێرڤات لە هەموو زەمانێکدا مەبەستی بووە پێشکات ڕێگە لە شۆڕش و گۆڕانی توندوتیژانە بگرێت و لەم میانەیەشدا (کۆنسێرڤاتیزم)ی سەدەی نوزدەهەم دژ بە لیبراڵانی ئەو سەردەمە توانیان چەند ڕیفۆرمێکی کۆمەڵایەتی بسەپێنن (فریدێن/ مایکڵ، ٣٦).

پوختەی ئەوەی باسکرا، (کۆنسێرڤاتیزم) هزرێکی میانڕەوەو پشتگیری گۆڕانی هێمنانەو هەنگاو بە هەنگاو دەکات و دژی گۆڕانی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕیە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە (کۆنسێرڤاتیزم) بەردەوام هزری چینە ئەرستۆکرات و خاوەن دەسەڵاتەکان بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێک لە (کۆنسێرڤاتیزم) هەیە کە ڕادیکاڵەو پشتگیری گۆڕانی ڕیشەیی دەکات و پاساو بۆ توندوتیژی دێنێتەوە.

## باسی دووەم

## هزری (کۆنسێرڤاتیزم) لە ئیدمۆند بێرکەوە بۆ ڕۆجەر سکروتن

لەم باسەدا بە پێویستی دەزانین ڕوانگەو دنیابینی سێ بیرمەندی (کۆنسێرڤاتیزم) وەربگرین کە هزرەکانیان گرنگی بەرچاوی لە دروستکردنی دنیابینی کۆنسێرڤاتانە هەبووەو هەیەو کاریگەری لەسەر ڕوانگەو هزری بیرمەندانی تری (کۆنسێرڤاتیزم) دروستکردوە، ئەوانیش (ئیدمۆند بێرک) و (مایکڵ ئۆکشات) و (ڕۆجەر سکروتن) ن، هەڵبژاردنی ئەم سیانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەر بە سێ قۆناغی جیاوازی هزری (کۆنسێرڤاتیزم)ن (ئیدمۆند بێرک) وەکو دەستپێک و سەرەتای ئەم هزرەو (مایکڵ ئۆکشات) و (ڕۆجەر سکروتن) یش وەکو دوو بیرمەندی دیاری سەرەتاو کۆتایی سەدەی بیستەمی هەمان هزر، کە دەکرێت وەکو دوو بیرمەندی هاوچەرخ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

### تەوەری یەکەم

### ئیدمۆند بێرک و (کۆنسێرڤاتیزم)ی نەریتی

(ئیدمۆند بێرک)، سەرەتاو دەستپێکی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) بوو، وە کتێبەکەی (تێڕامانەکان دەربارەی شۆڕشی فەرەنسی) کە ساڵێک دوای شۆڕشەکەی فەرەنسا واتا ساڵی (١٧٩٠) نووسی، کاریگەری مەزنی لەسەر شوێنکەوتوانی دواتری قوتابخانەی (کۆنسێرڤاتیزم) بەجێهێشت (سترومبرج/ دونالد، ١٩٩٤، ٣٢٩). (ئیدمۆند بێرک) لەم کتێبەیدا، ڕەخنە لە شۆرشی فەرەنسی دەگرێت و ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیەی کە دەرئەنجامی شۆڕشەکە هاتەکایەوە بە پێشێلکاری پیرۆزیەکان لە قەڵەم دەدات، بنەمای ئەم بۆچونەشی لەو بڕوایەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە ڕێکخستنیە سیاسیەکان خاوەنی شێوازێکی نەریتی و بەردەوامن کە لە خواستی ئیلاهیەوە سەرچاوەیان گرتووەو ناکرێت بە جوڵەیەکی کتوپڕی توندوتیژانە لە بەین ببرێن (فرادوارد/ موریس، ٢٠٠٢، ٧٨). لەم ڕووەشەوە بە بڕوای بێرک نەزمی سیاسی نەریتی ئەوروپا هاوئاهەنگە لەگەڵ سروشتی شتەکان و بەرهەمی خواستێکی ئیلاهیە کە لە درێژایی مێژوودا بەرجەستە بووە. هەر ئەمەشە کە شۆڕشی فەرەنسای کردۆتە ڕووداوێکی پاساوهەڵنەگرو ڕەتکراوە، بەو پێیەی لەم شۆڕشەدا خەڵکی فەرەنسا دەستیان دایە بەراوەژووکردنەوەی سروشتی شتەکان و بەگژاچوونەوەی ئەو نەزمەی کە خواستی ئیلاهی هێنابوویەکایەوە (جیهان بەگلو/ ڕامین، ١٤١). بە بڕوای بێرک شۆڕشی فەرەنسا لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لایداوە، هۆکاری ئەم لادانەشی بۆ هەوڵی سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە بۆ لەناوبردن و وێرانکردنی سیستمی سیاسیی باوو جێگرتنەوەی بە سیستمێکی نوێ لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا دەگەڕێتەوە (سترومبرج/ دونالد، ٢٨٢).

لەم ڕوانگەیەشەوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شۆڕشی فەرەنسی لە تیۆریاگەلی ئەبستراکتەوە سەرچاوەی گرتوە کە بە گوێرەیان بڕیاری مرۆیی دەتوانێت هەژاری و بێنەوایی لە کۆمەڵگەدا چارەسەر بکات، ئەمەش پێچەوانەی بۆچونی ئەو بوو کە پێی وابوو بێنەوایی و هەژاری

کارێکە بە خواستی ئیلاهیەو لە توانای مرۆڤدا نیە بیگۆڕێت (توشار/ جان، ٦٢٨). لێرەشەوە بە بڕوای بێرک گۆڕانی ئۆرگانە سیاسیەکانی کۆمەڵگەیەک بە جوڵەیەکی کتوپڕ لە توانادا نیەو لە هەموو گۆڕانێکدا دەبێت ڕابووردوی میللەت و داب و نەریتەکان بە هەند وەربگیرێن (ئێریک لیدمان/ سڤین، ٢٧٩).

بە گوێرەی ئەوەی خرایەڕوو، هزری کۆنسێرڤاتانەی (ئیدمۆند بێرک) لە بنەمادا هزرێکە دەربارەی گۆڕانی سیاسی و لە میانەی ڕەخنەکردن و ڕەتکردنەوەی ئەو شێوازەی گۆڕان کە لە شۆڕشی فەرەنسیدا پەیڕەوکرا، ڕوانگەی دژبەرانەی خۆی دەربارەی هزری گۆڕانی شۆرشگێڕانە خستەڕوو. ڕەخنەی بێرک لە شۆڕشی فەرەنسی لەو سۆنگەیەوە بوو کە شۆڕشەکە لەسەر بنەمای هزرێکی ئەبستراکت دامەزرابوو کە لە خواستێکی عەقڵانیانەوە کە ڕۆشنگەری بانگەشەی بۆ دەکرد سەرچاوەی گرتبوو، ئەم هزرە عەقڵی تاکی کردبوە بنەماو هیچ بایەخ و گرنگیەکی بە نەریت و مێژوو بیروبۆچونی ئایینی نەدابوو، بابەتگەلێک کە لای بێرک ڕۆڵیان لە هەر ڕێکخستنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گرنگ و بایەخدار بوو. بە بڕوای بێرک هەر گۆڕانێکی سیاسی (هاوشێوەی شۆڕشەکەی فەرەنسا) ئەگەر گوێ بەو نەریت و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی و ئایینیە نەدات کە لە درێژایی مێژوودا سەقامگیری کۆمەڵگەیان بەدیهێناوەو چاو لە ئاست سیستم و داب و نەریتی باو بپۆشێت، ئەوا جگە لە نەهامەتی و ئاژاوەو بێسەروبەرەیی هیچی تری لێ سەوز نابێت.

بەڵام بێرک هەموو شێوازێکی گۆڕان ڕەتناکاتەوە، بەڵکو ئەو جیاوازی لە نێوان دوو شێوازی گۆڕانی سیاسیدا دەکات کە دوو دەرەنجامی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە، یەکەم: گۆڕانێکی ڕیشەیی و گشتگیر وەکو ئەوەی لە (شۆڕشی فەرەنسیدا) بەدیهات، کە بە وێرانکەرو پێشێلکەری پیرۆزیەکان ناوی دەبات، دووەم: گۆڕانێکی هەندەکی و هەنگاو بە هەنگاو کە بێرک شۆڕشی ئینگلیزی و ئەمریکی بە نمونەیەکی دیاری ئەم شێوازەی گۆڕان ناودەنێت (فرادوارد/ موریس، ٧٧). شۆڕشی ئینگلیزی لە ڕوانینی ئەودا گوزارشتە لە دەستکەوتێکی ئاشتیانەی عەقڵانی یان گۆڕانێکی سروشتی کە وەکو داناییەکی بەرز دەردەکەوێت و لە سایەیدا مافە ئینگلیزیە بە میرات ماوەکان گرەنتی دەکرێن، سیستمی پاشایەتیش وەکو خۆی دەمێنێتەوە بەبێ بانگەشەکردن بۆ سەپاندنی ڕەوایی پادشا بەسەر ئیرادەی گەلدا. بەڵام شۆڕشی فەرەنسی تەنها بەرهەمێکی توندوتیژانەی ڕۆحی سیستمێکە کە بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی یاسای عورفی ئەوروپی کۆن دەکات، کە بۆ چەندین سەدە باوو کارا بوو (سیبرتان- بلان/ غیوم، ٢٠١١، ٤٠).

بە گوێرەی هەموو ئەمانەش، دەردەکەوێت کە بێرک لە بنەمادا دژی گۆڕانی سیاسی نیەو بە ڕەهایی بەرگری لە مانەوەی دۆخی باو ناکات، بەڵکو ئەوەی ئەو خوازیاریەتی ئەوەیە کە لە هەر پرۆسەیەکی گۆڕانی سیاسیدا تەنها پشت بە عەقڵی ئەبستراکت نەبەسترێت و ڕۆڵی نەریت و ئایین و کولتور لە بەرچاو بگیرێت.

## تەوەری دووەم

## مایکڵ ئۆکشات و ڕەخنە لە عەقڵانیەتی ڕۆشنگەری

(مایکڵ جۆزێف ئۆکشات – Michael Oakshaott) (١٩٩٠-١٩٠١) فەیلەسوف و تیۆرسێنی سیاسی بەریتانی، لە ساڵی (١٩٠١) لە (چێلس فێلد) لە بەریتانیا لە دایک بووەو لە ساڵی (١٩٩٠) کۆچی دوایی کردوە. بیرمەندێکی کۆنسێرڤاتی گرنگ و سەر بە نەریتی فەلسەفی ئایدیالیزمی بابەتی بوو، وە لە بواری تیۆری سیاسیدا بە ڕەخنەگرتن لە عەقڵانیەتی ڕۆشنگەری ناوبانگی هەبوو( Andre Munro/ Andre, https:// www. Britannica.com/biography/Michael-Oakshott). لە سەرەتادا هەروەک ئایدیاڵیستەکان پێی وابو جیهانی کردەوە مرۆییەکان لە کۆمەڵێک هزر پێکهاتوە کە پەیوەندی ناوخۆییان پێکەوە هەیە نەک پەیوەندی دەرەکی. بەڵام دواتر بە توندی دیدێکی ڕەشبینانەی تێدا بەدیهات سەبارەت بە سەرجەم فەلسەفەو میتافیزیک و لەو پەیوەندیەدا، بە باوەڕی هەندێ لە لێکۆڵەرەوان کەوتە ژێر کاریگەری بۆچونەکانی مارتن هایدیگەر لە بواری فینۆمینۆلۆژیای ئەزموونی مرۆیی (بەشیریە/ حسێنی، لیبرالیزم و کۆنسێرڤاتیزم، ٣٢٩). هەر لەم چوارچێوەیەشدا ڕوانگە کۆنسێرڤاتانەکانی بەدەر دەکەوێت کە تیایدا نەریتی بەرهەم هاتوو لە کردەوەی مرۆڤەوە بە جەوهەری و گرنگ لە قەڵەم دەدات لە چاو بۆچونی هزری و فەلسەفی ئەبستراکت. لەم ڕووەشەوە لە دیارترین ئەو فەیلەسوفە سیاسیە نوێیانەیە کە دەستپێشخەری کرد لە گومانکردن لە پرەنسیپەکانی عەقڵانیەت و وە درێژەدان بە گومانەکانیان بەرامبەر هەر پایەیەکی مەعریفەی مرۆیی (دي كرسبني/ أنطوني- مينوج/ كينيث، ٢٠١٢، ١٠٥)

یەکەم بەرهەمی ئۆکشات بریتیە لە (ئەزموون و مۆدێلەکانی- ١٩٣٣ - experience and its modes) کە تیایدا جیاوازی لە نێوان سێ شێوازی سەرەکی تێگەیشتندا دەکات (پراکتیکی، زانستی، مێژوویی). لە ساڵی (١٩٧٥) یشدا (ڕەفتاری مرۆڤ - Human Conduct) دەنوسێت کە هەندێ وەکو شاکاری ئەو سەیری دەکەن و سێ ووتاری ئاڵۆز لە خۆدەگرێت لەسەر (ڕەفتاری مرۆڤ، دەزگا کۆمەڵایەتیەکان، دەوڵەتە ئەورووپیە مۆدێرنەکان). بەڵام هەرچۆن بێت کتێبی (عەقڵانیەت لە سیاسەتدا – The reason in Politics) کە لە ساڵی (١٩٦٢) دا نوسی، بەناوبانگترین کتێبی ئۆکشاتە کە تیایدا ڕەخنە لە ئاراستەی مۆدێرن بۆ بەرزکردنەوەی تیۆریا بەسەر مەعریفەی کرداریدا دەگرێت (Andre Munro). ئۆکشات لە یەکەمین نوسراوەکانی خۆیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تەواوی مەعریفەی مرۆیی لە کردارەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕەفتاری مرۆڤ و سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرێدراوی کردارو مەعریفەی کردارین، بە بڕوای ئەو مرۆڤ تەنها لە کاتی کردەوە لەگەڵ کەسانی تردایە کە مەعریفە بە دەستدێنیت (پۆلادی/ کەمال، ٢٥٥). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هێرش دەکاتە سەر عەقڵخوازان بەو پێیەی گوێ نادەنە گرنگایەتی ناسینی کردەوەو دەیانەوێت بە خەیاڵی خۆیان سیاسەت تا ئاستی هەندێک فۆرموڵی ئەبستراکت کە لە کتێبەکانەوە فێرکراون، داشکێنن (٢٥٦). بە بڕوای ئۆکشات عەقڵخوازەکان سەرچاوەی داب و نەریت بەرامبەر ڕوانگە عەقڵیەکان بە کەم بایەخ دەزانن و دەیانەوێت بۆ هەموو شتێک گەڵاڵەیەکی نوێ بە دەستەوە بدەن. سیاسەتیش بەم پێیە لە ڕوانگەی عەقڵخوازەکانەوە لە دامەزراوە دروستکراوەکان بە

گوێرەی پرەنسیپە ئەبستراکتەکان پێکدێت بەبێ هیچ گوێدانێک بە کولتورو نەریت ( Munro/ Andre).

بنەمای هزری ئەم بۆچونەی ئۆکشاتیش بۆ ئەو باسەی ئەو دەربارەی جیهانی هزر دەگەڕێتەوە کە بە بۆچوونی ئەو هزر بە گشتی بەسەر چوار جیهانی جیاوازدا دەبەش دەبێت (جیهانی فەلسەفە، جیهانی مێژوو، جیهانی زانست، جیهانی کردەوە)، بە بڕوای ئۆکشات فەلسەفە سەرجەم ئەزموونی مرۆیی لە خۆدەگرێ، کەواتە دەکەوێتە پێشەوەی سێ جیهانەکەی تر، ئەزموونی فەلسەفی ئەزموونێکی بێ گریمانەیەو بەڵگەی کەماڵ و پێشکەوتوویی خۆی پێیە (بەشیریە/ حسێنی، لیبرالیزم و کۆنسێرڤاتیزم، ٣٣٠).

پرەنسیپەکانی کردەوە بە گوێرەی بۆچونی ئۆکشات بەرهەمی هزری فەلسەفی نین کە لە ڕەفتاری مرۆڤدا ڕەنگ بدەنەوە، بەڵکو بەرهەمی ڕەفتاری بە کردەوەی مرۆیی و چالاکی مرۆڤن کە دواتر هزری فەلسەفی دەربڕینێکی ئەبستراکتیان پێدەبەخشێت لە چوارچێوەی ووشەدا (٣٣٤). لای ئۆکشات جیهانی کردەوەو ژیان بە دورن لە فەلسەفە، جیهانی کردەوە جیهانێکی سەربەخۆیەو لۆژیکی تایبەت بەخۆی هەیەو دەکەوێتە پێش جیهانی هزر (٣٣٥).

مەعریفەی مرۆڤ لای ئۆکشات بە گوێرەی ئەوەی باسکرا ڕەنگدانەوەی هزری فەلسەفیانەی ڕووت نیە کە دواتر لە کردەوەدا ڕەنگبداتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کردەوەی مرۆڤ سەرچاوەی مەعریفەو ڕەفتارەکانی مرۆڤە لە نێویشیاندا مەعریفەو ڕەفتارە سیاسیەکان. بە گوێرەی ئەمەش سیاسەت لە دیدی ئۆکشاتدا بەرهەمی کردەوەی مرۆڤە کە لە چوارچێوەی مێژوودا گەڵاڵە دەبێت نەک دیدی فەلسەفی ئەبستراکت کە ڕوانگەی عەقڵخوازی بەڵگەی بۆ دەهێنایەوە.

ڕیشەی عەقڵانیەت لە کۆمەڵگەو سیاسەتدا بە بڕوای ئۆکشات بۆ هەوڵە فەلسەفیەکانی (ڕێنیە دێکارت) و (فرانسیس بیکۆن) بە مەبەستی گەیشتن بە ناسینێکی جێباوەڕ دەگەڕێتەوە، کە لە سایەیدا سەرجەمی مەعریفە دەچێتە چوارچێوەی کۆمەڵێک گریمانەو ڕێساوەو هەر کردەوەیەک لەگەڵ ئەو گریمانەو ڕێسایانەدا نەگونجێ وەک کردەوەیەکی ناعەقڵانی لە قەڵەم دەدرێت. بەپێی ناسینی عەقڵخوازانە تەنها ئەو کردەوەو بیروبۆچونانە وەک بەشێک لە مەعریفەی مرۆیی جێباوەڕن کە لە خۆگری پرەنسیپ و ڕێسای بێ شک و گومان بن، لەو ڕوانگەیەوە بونیادەکانی وەک ئایین و پاشایەتی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان هیچ پاساوێکی عەقڵیان لە پشتەوە نیە (٣٣٦).

هزری سیاسی ئۆکشاتیش لێرەوە لە خۆگری شێوازێکی کۆنسێرڤاتانەیە کە لە بەرامبەر هزری ئەبستراکتی عەقڵانیدا، بەرگری لە نەریت و کولتورو ئایین دەکات. پاساو بۆ گرنگی نەریت و ئایین لە گۆڕانی سیاسیدا دێنێتەوەو لە بەرامبەر بۆچونی عەقڵخوازیدا پشتگیری لە نەریتەکان دەکات.

بە بڕوای ئۆکشات ڕوانگەی عەقڵخوازی لە سیاسەتدا هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیەو تەنیا دەتوانێت تێکدانی دۆخەکەو ئاڵۆزکردنی شتەکانی لێبکەوێتەوە، بە بڕوای ئۆکشات، شۆڕشەکانی کۆمۆنیزم و فاشیزم و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەرهەمی سیاسەتی عەقڵخوازین، کە سەرجەمیان پشتیان بە بۆچونی عەقڵانیانەی ئەبستراکت بەستوەو پشتیان لە نەریتەکان کردوە (پۆلادی/ کەمال، ٢٥٧).

ڕوانگەی ئۆکشات لەم میانەیەدا لەگەڵ بۆچونی بێرک دەربارەی ڕەتکردنەوەی هزرە

شۆڕشگێڕیەکان و بەرپەرچدانەوەی ئەو گۆڕانە سیاسیانەی کە تەنها پشت بە هزری ئەبستراکت دەبەستن، یەکدەگرێتەوە. بە هەمان شیوە جەختکردنەوە لەسەر لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئایین و نەریتەکان لە هەر پرۆسەیەکی گۆڕانکاریدا هزری کۆنسێرڤاتانەی ئۆکشات لە ڕوانگەی دژە شۆڕشگێڕانەی (ئیدمۆند بێرک) و (کۆنسێرڤاتیزم)ی سەرەتایی نزیک دەکاتەوە.

هەر لێرەشەوە ئۆکشات لە بری سیاسەتی دامەزراو لەسەر بنەمای عەقڵخوازی، بەرگری لەو سیاسەتە دەکات کە لەسەر بنەمای نەریت دامەزراوە (پۆلادی/ کەمال، ٢٦١). نەریت بە بڕوای ئۆکشات بە درێژایی زەمان و بە شێوەیەکی ناووشیار گەشە دەکات و دەربڕی ئەزمونێکی ڕەسەنە، بەڵام عەقڵانیەت و ئایدۆلۆژیا زەینیەتێکی دەستکرد دەئافرێنن، ناسین تەنها بەرهەمی نەریت و کردەوەیەو پشت بە نەریتێکی فێرکاریەوە نابەستێ (بەشیریە/ حسێنی، سەدەی بیستەم، ٣٤٠). بەڵام سەرباری ئەم پەسنەی ئۆکشات بۆ نەریت و کردەوە، هێشتا بە پێچەوانەی بۆچونی ئەوانەی پێشخۆیی و بێرک، نەریت بە شتێکی پیرۆز و لە گۆڕان نەهاتو لە قەڵەم نادات، ئۆکشات دەڵێت نەریتەکانی ڕەفتار هەرگیز جێگیر نین لەسەر دۆخی خۆیان و تەواوکراویش نین، هەروەک خاوەنی هیچ جەوهەرێکی چەسپاویش نین کە گۆڕانی بەسەردا نەیەت و ببێتە کۆڵەکەی تێگەیشتنمان بۆیان (گیدنز/ ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست وچەپدا، ٨٤).

ڕوانگەی کۆنسێرڤاتانەی ئۆکشات دەربارەی گۆڕانی سیاسی هەر لە میانەی شیکردنەوەی ڕەخنەکانی ئەو لە ڕوانگەی عەقڵخوازی کە ڕۆشنگەری بانگەشەی بۆ دەکردو بە گرنگ زانینی نەریت و ئایین و کولتور کە لای ئۆکشات بنەمای سەقامگیری هەر سیستمێکی سیاسین، دەردەکەوێت. ئۆکشاتیش هاوشێوەی بێرک دژایەتی هەر گۆڕانێکی سیاسی ناکات، بەڵکو ئەو شێوازەی گۆڕان ڕەتدەکاتەوە کە لە ڕوانینێکی ئایدۆلۆژی ئەبستراکتەوە کە عەقڵی مرۆیی پێکهێنەریەتی سەرچاوەی گرتوە. گۆڕانێک کە ڕێز لە نەریت و کولتوری باو بگرێت و شان بە شان لەگەڵ گۆڕانی نەریت و ئایین و کولتوردا ڕێبکات لە دیدی ئۆکشاتدا گۆڕانێکی تەندروست و گونجاوە. بەم پێیەش بە بڕوای ئۆکشات گۆڕانی ڕیشەیی شۆڕشگێڕانە هیچ ئەنجامێکی باش بە دوای خۆیدا ناهێنێت و بە پێچەوانەش دەبێتە مایەی کارەسات و نەهامەتی، بەڵکو تاکە شێوازی شیاوی گۆڕانی سیاسی، گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاوو هەندەکیە، کە بە گوێرەی بارودۆخ و پێداویستی قۆناغەکە ڕوودەدات و هیچ بەڵاو کارەساتێکیشی لێناکەوێتەوە. بەدەر لەمەش ئۆکشات بە پێچەوانەی بێرک و کۆنسێرڤاتەکانی تر، نەریتیش بە شتێکی پیرۆز و لە گۆڕان نەهاتوو لە قەڵەم نادات، بەڵکو لای ئەو تەنانەت نەریتیش بە پێی قۆناغ دەگۆڕێت و نەریتێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ کە بۆ هەموو سەردەمەکان بشێت لە ئارادا نیە. بەم پێیەش هزری ئۆکشات زیاتر ڕێژەگەراییەو بەرپەرچی هەر بۆچونێکی ڕەها دەداتەوە.

سیاسەتیش لە ئەمرۆدا بە بڕوای ئۆکشات بارگاویە بە عەقڵانیەت و لێرەشەوە ناتوانێت هیچ ئامانجێکی هەبێت، بەڵام مرۆڤی مۆدێرن ،کە مەبەستی دەنگدەرانی سیستمە دیموکراسیەکانە، بەهۆی تێنەگەیشتنی لە سروشتی ڕاستەقینەی سیاسەت، تووشی داوی سیاسیەکان دەبێت و لێرەشەوە جۆرێک لە یۆتۆپیای سیاسی سەرهەڵدەدات و سەرەنجامیش ڕێگە بۆ تۆتالیتاریزم خۆش دەبێت (Gaus/ Gerald, 240).

هەر ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانەکایەی شێوازێک لە سیاسەت کە ئۆکشات بە (سیاسەتی نا ئەزمونگەرا) ناوی دەبات و لە لایەن کەسانێکەوە مومارەسە دەکرێت کە ئەو پێیان دەڵێت (سیاسی بێ ئەزموون) مەبەستیشی لێی ئەو کەسانەن کە عادەتەن وێنای سیاسەت دەکەن وەکو ئامانجی چەند مەبەستێکی گەورە هاوشێوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی یاخود ئاشتی جیهانی. کاتێکیش بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوە مەحاڵە، ئەوا دووچاری بێهیوایی دەبن. لێرەشەوە ئۆکشات بەرامبەر ئەم جۆرە تێگەیشتنەی مرۆڤی هاوچەرخ ڕوانینی کۆنسێرڤاتیستانە دەخاتەڕوو کە بە بڕوای ئەو وا لە سیاسەت دەڕوانن وەکو ئەوەی شتێکی لاوەکی بێت و بە شتێکی پیرۆزی لە قەڵەم نادەن. ئەو دەڵێت سیاسەت خۆی ڕاستەوخۆ گرنگی نادات بە بەرزکردنەوەی ئامانجەکان، بەڵکو هونەری ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیە بە شێوەیەک کە دەکرێت ئامانجگەلی جۆراوجۆر لە لایەن خەڵکانی جیاوازەوە کە پێویستیان بە شارەزایی نەریتە سیاسیەکان هەیە، بەدوایدا بێت (240). لێرەشەوە شۆڕشە جەماوەریەکان، بە وێرانکەری کۆمەڵگە دەزانێت، لەم ڕوانگەیەشەوە مەترسی جەماوەر وەکو لە کتێبی (سایکۆلۆژیای جەماوەر) ی (گۆستاڤ لۆبۆن) دا لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا باسکرا لە لایەن ئۆکشاتیشەوە لە ئارادایە.

### تەوەری سێیەم

### ڕۆجەر سکروتون- Roger Scruton (دەسەڵات، دڵسۆزی، نەریت)

(ڕۆجەر سکروتون ١٩٤٤-٢٠٢٠) فەیلەسوف و هزرمەندی (کۆنسێرڤاتیزم)ی بەریتانی، فەلسەفەی جوانیناسی خوێندوەو تیۆریاکانی لە پەیمانگای (بیرکباک) لە لەندەن لە نێوان ساڵانی ١٩٧١-١٩٩٢ بڵاوکردۆتەوە. دواتر لە زانکۆکانی (بۆستن) و (ئۆکسفۆرد) و پەیمانگای ( American Enterprise) و سەنتەری (واشینتون دی سی) بۆ ئەخلاقیات و سیاسەتی گشتی کاری کردوە (الکشو/ منیر، ٢٠١٧، ١٣٧). لە ساڵی (١٩٨٠) کتێبی بە ناوبانگی (مانای (کۆنسێرڤاتیزم))ی نووسی، کە لە (ڕسڵ کێرک)ەوە بە گرنگترین ووتاری ڕوانگەی (کۆنسێرڤاتیزم)ی نەریتی دادەنرێت ( Goss/ Max Well, The joy of Conservatism). لە یادی بیست و پێنج ساڵەی نووسینی ئەم کتێبەیدا دەڵێت: "مەبەستم لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە بیری خەڵکی بێنمەوە کە بە ڕاستی نەریتێکی بیرکردنەوەی (کۆنسێرڤاتیزم) لە سیاسەتدا لە ئارادایە، کە ژیرترو قوڵترە لە چەپی لیبراڵی ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان" (Max Well Goss).

سکروتن لەم کتێبەیدا (مانای کۆنسێرڤاتیزم) هەوڵدەدات چەمکی (کۆنسێرڤاتیزم) ڕوون بکاتەوەو لەو هەڵە تێگەیشتنە دەربازی بکات کە لە بارەیەوە لە ئارادایە. لە پێشەکی ئەم کتێبەیدا دەڵێت: "پێویستە دۆگمای (کۆنسێرڤاتیزم) لەو فەلسەفەیەی کە لە سەری دادەمەزرێت و لەو سیاسەتەی لێوەی سەرچاوە دەگرێت جیا بکرێتەوە" ( Scruton/ Roger, The meaning of conservatism, 1980. 11). دواتر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "حەقیقەتی سیاسەت کردەوەیە، کردەوەش بە شاراوەیی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێت، کردەوەی بەردەوام پێویستی بە هزری بەردەوامە، لێرەشەوە بەو پێیەی سیاسەتێکی کۆنسێرڤاتانەی گەردوونی لە ئارادا نیە، ئەوا ئەو وەهمە

سەرهەڵدەدات کە هزرێکی (کۆنسێرڤاتیزم) بوونی نیە، یاخود ڕستێکی بیروباوەڕ یان پرەنسیپ یان ڕوانگەیەکی گشتی کۆمەڵگە کە (کۆنسێرڤاتیزم) بۆ کردوە هانبدات لە ئارادا نیە" (11). (سکروتن) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (کۆنسێرڤاتیزم) هەڵوێستەو ئەو دۆگمایەی کە دەپارێزێت سیستماتیک و عەقڵانیەو بە دەگمەنیش خۆی وەکو حیکمەت دەخاتەڕوو، دان بەوەدا دەنێت کە جەوهەری (کۆنسێرڤاتیزم) بە ئاسانی توانای دەربڕینی نیەو ئەمەش بۆ بڕوا بەخۆنەبوون و لاوازی ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە ئاگاییەکی گەورە بە ئاڵۆزی شتەکانی مرۆڤ و پەیوەست بوون بەو بەهایانەی کە بە ڕوونکردنەوەی ئەبستراکتی تیۆریای یۆتۆپی ناتوانرێت لێی تێبگەین، سەرچاوە دەگرێت (11).

دواتریش (سکروتن) جەخت لەسە ئەوە دەکاتەوە کە (کۆنسێرڤاتیزم) بەها لە دڵسۆزی و مەترسی لە هزری ئەبستراکدا دەبینێتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەخنە لە هەردوو هزری لیبرالیزم و سۆسیالیزم دەگرێت و ڕوانگەکانیان بە وەهم کە لە کتێبی پیرۆزەوە سەرچاوە دەگرن، وەسف دەکات، لە بەرامبەردا ڕوانگەی (کۆنسێرڤاتیزم) بە گونجاوو عەقڵانی لەگەڵ مێشکی مۆدێرن بەو مانایەی کە هەمیشە هەر بەو شێوەیە بووە لە قەڵەم دەدات (12). لێرەدا سکروتن ڕەخنە لە چەمکی (ئازادی ڕادەربڕین) لای لیبرالیزم دەگرێت و دەڵێت ئەگەر مانای ئازادی ئەوە بێت کە کەسێک مافی ڕەهاو بێسنووری هەبێت بۆ ووتنی هەر شتێک کە ئارەزووی دەکات لە هەر شوێنێک و هەر کاتێک کە بیەوێت، ئەوا ناکرێت ئازادی ڕادەربڕین لە هیچ کۆمەڵگەیەکی تەندرستدا بوونی هەبێت، مانای ئازادی ئازادیە لە چوارچێوەی یاسادا، کۆت و بەندیش لەسەر ئازادی لە هەوڵی یاسا بۆ چەسپاندنی بەهاگەلی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگە کە فەرمانڕەوایی دەکات، سەرهەڵدەدات (17).

سکروتن بە بەردەوامی لەم کتێبەدا بەرگری لە ڕوانگەی نەریتی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) دەکات و لە وەرگەڕانی سیاسی بەرەو لیبرالیزمی ئابوری کە (مارگرێت تاتشەر) دایهێنابوو، جیای دەکاتەوەو جەخت لەسەر کارکردنی کۆنسێرڤاتەکان لە یارمەتیدانی شکۆی دەوڵەت و گرەنتی دڵسۆزی تەواوی خەڵک بۆ دەوڵەت و یاساکانی و بڵاوکردنەوەی ڕۆحی ڕێزگرتنی داب و نەریتەکان دەکاتەوە. بە بڕوای سکروتن لیبرالیزم بە مەیلە تاکگەراییەکەی گوزارشت لە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر ئەم دامەزراوانە دەکات کە لە چوارچێوەیاندا تاکەکان توخمە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی تایبەتی خۆیان بەدەستدێنن و یەکانگیری دەدەنە کۆمەڵگە (الکشو/ منیر، ١٣٧).

بەم شێوەیە (سکروتن) وەکو هزرمەندێکی هاوچەرخی (کۆنسێرڤاتیزم) جەخت لەسەر گرنگی داب و نەریتەکان دەکاتەوەو ڕیزگرتنی یاساکانی دەوڵەت و هەبوونی دەوڵەتی بەهێز کە لە چوارچێوەیدا کۆمەڵگە سەقامگیری و ئاسایش بەخۆیەوە ببینێت، بە پێویست دەزانێت. بەم پێیەش ڕەخنە لەو ڕوانگەو ئایدۆلۆژیایانە دەگرێت کە لەسەر بنەمای هزری ئەبستراکت دامەزراون و لە ئەزموونی مێژووییەوە سەرچاوەیان نەگرتوە، بە بڕوای سکروتن ڕاستێتی هەر شتێک لە میانەی پیادەکردنی لە مێژوودا بەرجەستە دەبێت.

ڕەوتی (کۆنسێرڤاتیزم) لە بۆچونی سکروتوندا، لە میانەی سێ چەمکی سەرەکیەوە بەرجەستە دەبێت: (دەسەڵات، دڵسۆزی، نەریت)، دەڵێت کۆنسێرڤات متمانەی خۆی دەداتە ڕیکخستنە زانراوو تاقیکراوەکان و دەیەوێت هەموو دیاردەکانی ئەرکی دەسەڵاتی بخاتە پاڵیان بە مەبەستی پێکهێنانی

جیهانێکی گشتی بابەتیانەو پەسەندکراو (گیدنز/ ئەنتۆنی، لە نێوان ڕاست و چەپدا، ٨٠). (دڵسۆزی) لای سکروتن گوزارشت لە تایبەتمەندی ئەندامێتی کۆمەڵگە دەکات، بەو پێیەی تاک لە میانەی یەکگرتن لەگەڵ قەوارەگەلێکی کۆمەڵایەتیانەی گەورەتر لە خۆی توانای گوزارشتکردنی لە خۆی هەیە. دڵسۆزی بڕیارێکی تاکە کەسی نیە، بەڵکو لە پیرۆزی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەوە سەرچاوە دەگرێت و گوزارشت لە جەوهەری نەریت دەکات. نەریتیش هۆکارەکانی کردارو پاساوەکانی ڕەفتار بۆ مرۆڤ دەرەخسێنێت و دڵسۆزی بە دەسەلاتەوە گرێدەدات و دەوڵەتیش لە چوارچێوە سیاسیەکەیدا، دەسەڵات و دڵسۆزی و نەریت پێکەوە کۆدەکاتەوە (گیدنز/ ئەنتۆنی، ٨٢).

بەم پێیە بە گوێرەی سکروتن کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هزری ئەبستراکت دانامەزرێت و پەیوەندی نێوان تاکەکان پەیوەندی ئۆرگانی پەتی نیە، بەڵکو دڵسۆزی و پابەندبوونی تاکەکان بە یەکترو بە قەوارەیەکی لە خۆیان گەورەتر، هێزی سەرەکی و ڕەسەنی سەرهەڵدانی دەوڵەتە. لێرەشەوە دەوڵەت لای سکروتن بەلایەکی ناچاری نیە وەکو ئەوەی (تۆماس هۆبز) دەڵێت، بەڵکو دەرەنجامی دڵسۆزی و خۆشەویستی و هەستی بەرپرسیارێتی تاکەکانە بەرامبەر بە یەکتری و بە خۆیان. لەم بارەشدا (کۆنسێرڤاتیزم) جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم بەها کولتوری و نەریتیەو هەوڵدانە بۆ پارێزگاریکردن لەو بەها کۆمەڵایەتی و کولتوریانەی کە لە ڕەوتی درێژخایەنی مێژوودا پەرەیان سەندووەو سەقامگیری و ئاسایشی تاک و کۆمەڵ گرەنتی دەکەن.

لە ساڵی (٢٠١٤) دا (سکروتن) کتێبی (چۆن ببینە کۆنسێرڤاتیڤ – How to be a conservativ) دەنووسێت و تیایدا جەخت لەسەر بۆچونە پێشینەکانی دەربارەی پابەندبوونی بە بەهاو نەریتە کۆنسێرڤاتەکانەوە دەکاتەوەو لە دەستپێکی کتێبەکەیدا دەڵێت: "من سەر بە باڵی ڕاستڕەو، ڕێزی سیستم و دیسیپلینم دەگرت، دانم دەنا بە پێویستی بۆ دادگەری و هیوام دەخواست بۆ پارێزگاری لە نەریتە گەورەکانی مامۆستاکان و کارکردن بۆ مانەوەیان ( Scruton/ Roger, How to be a conservative. 2014. 4).

لەم کتێبەشدا بە هەمان شێوەی کتێبی پێشووی، جەخت لەسەر ڕەخنەکانی بۆ سەر لیبرالیزم و سۆسیالیزم دەکاتەوەو باسی ناتەواوی ڕوانگەی ئازادی لە هزری لیبرالیزم کە لەگەڵ ڕوانگەی (کۆنسێرڤاتیزم) ناتەباو نەگونجاوە دەکات (10). بە هەمان شێوە ڕەخنە لە سۆسیالیزم دەگرێت و دەنووسێت: "کاتێک لە سالانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردودا بە هەنگاریاو چیک و سلۆڤاکیاو پۆڵەندەدا گەڕام، فێربووم کە سۆسیالیزم ببینم بە ڕێگەیەکی تر نەک وەکو خەونی ئایدیالیستەکان بەڵکو وەکو سیستمێکی واقیعی ڕاستەقینەی حکومەت کە لە سەرەوە دەسەپێنرێت و بە هێز دەپارێزرێت. من لەو فریوە لە بارەی سۆسیالیزمەوە ئەنجام دەدرا بە ئاگا هاتمەوە، وە هەستم بە پابەندبوونێکی کتوپڕی کرد بۆ کردنی شتێک لەم بارەیەوە (11). سەرەنجامیش ئامانجی خۆی لە نووسینی کتێبەکەی دەخاتەڕوو بەوەی "بریتی بوو لە هاندان و دنەدانی مشتومڕە هزری و ڕووناکبیریەکان تاوەکو گرنگی بدەن بە چەمکی هزری سیاسی مۆدێرن بۆ دورخستنەوەو جیاکردنەوەی (کۆنسێرڤاتیزم) لە ئابوری بازاڕی ئازاد (12).

بە گوێرەی نووسینەکانی (سکروتن) کە لە کتێبەکانیدا دەیخاتەڕوو، دەردەکەوێت کە هزرەکانی

وەکو خۆی لە باسەکانی تایبەت بە (کۆنسێرڤاتیزم)دا ئاماژەی پێدەدات، زیاتر دژە کردەوەیەکی هزریە بەرامبەر بە ئایدۆلۆژیا باوەکان بە تایبەتی لیبرالیزم و سۆسیالیزم. سکروتن لێرەدا زیاتر وەکو بەرگریکارێکی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) دەردەکەوێت نەک تیۆرسێنێکی سیاسی، کە تێزیکی نوێ بخاتەڕوو، بەڵکو ئەو بە بەردەوامی پێ لەسەر زەرورەتی هزری (کۆنسێرڤاتیزم) لە پێناوی بەرگریکردن لە سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگە دادەگرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە بە بڕوای ئەو هەر یەک لە لیبرالیزم و سۆسیالیزم توخمی ناسەقامگیری و خراپبوونی کۆمەڵگەیان هەڵگرتووەو پێویستە لێیان فڕێ بدرێت و جەخت لەسەر لایەنە باشەکانیان بکرێتەوە کە لەگەڵ بۆچونی (کۆنسێرڤاتیزم)دا دەگونجێن. لیبرالیزم بە جەختکردنەوە لەسەر بازاڕی ئازاد، بەهاو نەریتەکانی وێران کردووەو سۆسیالیزمیش بەناوی بەدیهێنانی بەهەشتی یەکسانیەوە حکومەتێکی ستەمکارو خۆسەپێنی هێناوەتەکایەوەو بە هەردووکیان ئازادی مرۆڤیان لەناو بردوە، بۆیە بە بڕوای ئەو تاکە کار کە شایانی ئەنجامدانە پەرەدانە بە هزری (کۆنسێرڤاتیزم) و ڕاستکردنەوەی ڕوانگە کۆنسێرڤاتە جیاوازەکان.

سکروتن بابەتگەلی هاوشێوەی (دامەزراوەکان، ئایین، نەتەوە، متمانە) بە جەوهەری بنەڕەتی هەر سیستمێکی سیاسی لە قەڵەم دەدات. ڕۆڵی دامەزراوەکان لە دابینکردنی سەقامگیری کۆمەڵگە بە گرنگ دەزانێت و جەخت لەسە ئەوە دەکاتەوە کە لەو کۆمەڵگەیانەی تەنها پشت بە هەڵبژاردن دەبەستن و خاوەنی دامەزراوەی هەمیشەیی نین کە ڕەگی لە مێژوودا داکوتابێت و لە ئەزمونە مێژوویەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، ناتوانن سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی دابین بکەن، لەم بارەدا نمونەی وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە دوای کەوتنی یەکێتی سۆڤیەت دێنێتەوە. کە بە بڕوای ئەو حکومڕانی تیایاندا گۆڕاوە بۆ گروپێک لەو کەسانەی کار بۆ بونیادنانی پارتی سیاسی دەکەن بە ئامانجی بردنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا تا لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەدیبهێنن (14). ئایینیش لای (سکروتن) بە هەمان شێوە گرنگی گەورەی لە دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگەدا هەیە، (سکروتن) دەڵێت کولتوری لێبوردەیی کە ڕۆحی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن لە ناخی تاکەکاندا دەچێنێت، لە ئایینی مەسیحیەوە بۆمان ماوەتەوەو ئەو کولتورەیە وامان لێدەکات دان بە هەڵەکانمانا بنێین و قەرەبووی قوربانیەکانمان بکەینەوە (16). (سکروتن) لەم بارەیەوە ڕۆڵی دامەزراوە ئایینیەکان لە بەریتانیا لە دابینکردنی ئەو سەقامگیری و بەهێزیەی لە ئارادایە بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت باڵەخانەی کەنیسەکان تەنها هەر سیمبولێکی ئایینی نین، بەڵکو بەشێکن لە شوناسی نەتەوەییمان، پێناسەی دۆخی ڕۆحیمان دەکەن، تەنانەت لای ئەوانەش کە بڕوایان بە ئایین نیە (180).

سکروتن دان بەوەدا دەنێت کە جیهانی هاوچەرخ پڕە لە ئاڵۆزی و ستەمکاری و ئەمەش لە ڕێگەی پشتبەستن بە تەنها بە یەک مەزهەبی سیاسی چارەسەر ناکرێت، بە بڕوای ئەو هەر مەزهەبێک بەشێک لە بەرگریکردنی لە مەزهەبی (کۆنسێرڤاتیزم) تێدایەو و ڕێژەیەک لە باشەی تێدایە بەمەش سکروتن (کۆنسێرڤاتیزم) بە دانانی مەزهەبەکانی تر دەزانێت و هەڵەکانیان دەردەخاو باشەکانیان دەبینێت، وە هێزی مەزهەبی کۆنسێرڤاتیڤ لای سکروتن لە پراگماتیزبونەکەیایەتی، وە توانای خۆڕاهێنانی لەگەڵ جیهانی ئاڵۆزو گۆڕاودا، لەبەرئەوەی سەرجەم مەزهەبە سیاسیەکانی تر

تێدەپەڕێنێت (الکشو/ منیر، ١٣٩).

دەرەنجامی ئەوەی دەربارەی (ڕۆجەر سکروتون) خرایەڕوو، دەردەکەوێت کە ئەویش هاوشێوەی بیرمەندە کۆنسێرڤاتەکانی تر پشتگیری لە دەوڵەت دەکات و ڕۆڵی نەریت و ئایین و دڵسۆزیش لە پایەدارکردنی دەوڵەتدا بەرزدەنرخێنێت. بەم پێیەش (سکروتن) گۆڕانی سیاسی ڕیشەیی و توندوتیژانە ڕەتدەکاتەوە کە لای هزرە سۆسیالیستەکان لە ئارادایە، پێیوایە گۆڕانی ڕیشەیی و توندوتیژ هەموو ئەو بەهاو نەریت و کەلەپورە کە بەرهەمی مێژووە لەناودەبات و سەرەنجامیش ئاسایش و سەقامگیری لەناودەچێت و ئازادی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسیەوە. (سکروتون) بە سەیرکردنی ئەزموونی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ترسی خۆی لەو بێدادی و پاشاگەردانی و سەروکوتکاریە دەخاتەڕوو، کە هزری سۆسیالیزم لە ژێر ناوی بەدیهێانی بەهەشتی سۆسیالیستیدا هێنابوویەکایەوە. لێرەشەوە ئەو دژی هەر گۆڕانێکی ڕادیکالی و توندوتیژانە بوو کە هزرە سۆسیالیستەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بە هەمان شێوە دژی ئازادی ڕەهای بازاڕ لای نیۆلیبرالیزم دەوەستێتەوەو جەخت لەسەر ڕۆڵی متمانە لە بازاڕدا دەکاتەوە، بە بڕوای ئەو بازاڕی ئازاد پێدراوێکی سروشتی نیە وەکو ئەوەی (فۆن هایک) بۆیدەچوو، بەڵکو دڵسۆزی و متمانەو پابەندبوونی مرۆڤ بنەمای دروستکردنی بازاڕی ئازادە. لەم ڕووەشەوە ئەو بە بەردەوامی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەوڵەت ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دابیندەکات و بنەمای دەوڵەتیش دڵسۆزی و نەریت و ئایینە، کە وادەکات تاکەکانی مرۆڤ پابەندبن و بەمەش دەوڵەت پایەدار بێت.

## کۆتایی و دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. (کۆنسێرڤاتەکان) دژی عەقڵی ئەبستراکت و نامێژووییین و بە گرنگیەوە لە هەر شتێک دەڕوانن کە بەرهەمی مێژوو بێت. نەریتەکانیش بەو پێیەی بەرهەمی مێژوون، لە هزری (کۆنسێرڤاتەکان)دا گرنگیەکی زۆریان هەیە. بە بڕوای ئەوان هەر سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەمی کەڵەکەبوونێکی مێژووییە کە لە مومارەسە ئەزمونکراوەکانەوە بە درێژایی مێژوو بەرهەمهاتوە، بەرگریکردن لە نەریتیش لای (کۆنسێرڤاتیزم) ڕەهەندێکی ئایینی هەیە، بە بڕوای ئەوان، کاتێک جیهان لە لایەن خوداوە دروستکرابێت، ئەوا دابونەریتەکانیش بەخشیشێکی خودایین، لەم ڕووەشەوە بە بڕوای ئەوان، پابەندبوون بە نەریتەکانەوە پابەندبونە بە ویستی خوداوە.

٢. (کۆنسێرڤاتەکان) بڕوایان بە پلەبەندی کۆمەڵایەتی هەیەو یەکسانی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکەنەوە. کۆمەڵگە وەکو لەشێکی زیندووی هاوشێوەی ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ یان وەکو قەوارەیەکی ئەندامی کە هەموو پارچەکانی پێکەوە کاردەکەن وێنا دەکەن.

٣. (کۆنسێرڤاتیزم)، لە سەرەتادا پشتگیری لە ئابوری بازاری ئازادو بیرۆکەی دەوڵەتی پاسەوان دەکرد کە لیبراڵیزم هێنایەکایەوە، بەڵام دواترو بە درێژیی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ڕۆڵی دەوڵەتی لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا بەرز دەنرخاندو دژی تاکگەرایی لیبراڵیزم و ئابوری بازاڕی ئازاد بوو. دواتریش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کۆنسێرڤاتەکان لە ژێر ناوی ((کۆنسێرڤاتیزمی نوێ) یاخود (ڕاستی نوێ) کەوتنەوە بەرگریکردن لە بیرۆکەی لیبراڵیزمی کلاسیک لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و پشتگیریکردن لە بازاڕی ئازاد.

٤. شەپۆلی یەکەمی (کۆنسێرڤاتیزمی نوێ) درێژە بە ڕەوتی کۆنی (کۆنسێرڤاتیزم) دەدات و پشتگیری لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەت و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوریدا دەکات. ئەم بۆچونەش لەسەر بنەمای ئەو هزرە نەریتیەی (کۆنسێرڤاتیزم) دادەمەزرێت کە گۆڕانە شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیەکان بە مەترسی بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەزانێت و ڕاماڵینی بەهاو نەریت و کولتورەکان کە بەرهەمی مێژوون بە ئافاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەترسیدار سەیر دەکات. لەم ڕوانگەیەشەوە شەپۆلی یەکەمی (کۆنسێرڤاتیزم)ی سەدەی بیستەم پشتگیری لە بەهاو نەریتە باوەکان دەکات و گرنگی دامەزراوەی خێزان و کەنیسەو ڕوانگە نەریتی و ئاینیەکان بە زەرورەتی ژیانی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدات.

٥. شەپۆلی دووەمی (کۆنسێرڤاتیزمی نوێ)، لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێیکرد، زیندوکردنەوەیەکی بەرچاوی هزری (کۆنسێرڤاتیزم)ی سەرەتایی داکۆکیکار لە ئابوری بازاڕی ئازاد بوو. ئەم شەپۆلەی (کۆنسێرڤاتیزم) دەرئەنجامی نیگەرانی و ترس لە دەستیوەردانی دەوڵەت و پرەنسیپی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بوو کە لە شەستەکانی ئەو

سەدەیەدا باوبوو.

٦. هزری کۆنسێرڤاتانەی (ئیدمۆند بێرک) لە بنەمادا هزرێکە دەربارەی گۆڕانی سیاسی و لە میانەی ڕەخنەکردنی ئەو شێوازەی گۆڕان کە لە شۆڕشی فەرەنسیدا پەیڕەوکرا، ڕوانگەی دژبەرانەی خۆی دەربارەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەو ڕیشەیی خستەڕوو. ڕەخنەی بێرک لە شۆڕشی فەرەنسی لەو سۆنگەیەوە بوو کە شۆڕشەکە لەسەر بنەمای هزرێکی ئەبستراکت دامەزرابوو کە لە خواستێکی عەقڵانیانەوە کە ڕۆشنگەری بانگەشەی بۆ دەکرد سەرچاوەی گرتبوو، ئەم هزرە عەقڵی تاکی کردبوە بنەماو هیچ بایەخ و گرنگیەکی بە نەریت و مێژوو بیروبۆچونی ئایینی نەدابوو، بابەتگەلێک کە لای بێرک ڕۆڵیان لە هەر ڕێکخستنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گرنگ و بایەخدار بوو.

٧. (مایکڵ ئۆکشات)یش هاوشێوەی بێرک دژایەتی هەر گۆڕانێکی سیاسی ناکات، بەڵکو ئەو شێوازەی گۆڕان ڕەتدەکاتەوە کە لە ڕوانینێکی ئایدۆلۆژی ئەبستراکتەوە کە عەقڵی مرۆیی پێکهێنەریەتی سەرچاوەی گرتبێت. گۆڕانێک کە ڕێز لە نەریت و کولتوری باو بگرێت و شان بە شان لەگەڵ گۆڕانی نەریت و ئایین و کولتوردا ڕێبکات لە دیدی ئۆکشاتدا گۆڕانێکی تەندروست و گونجاوە. بەم پێیەش بە بڕوای ئۆکشات گۆڕانی ڕیشەیی شۆڕشگێڕانە هیچ ئەنجامێکی باش بە دوای خۆیدا ناهێنێت و بە پێچەوانەش دەبێتە مایەی کارەسات و نەهامەتی.

٨. (ڕۆجەر سکروتن) وەکو هزرمەندێکی هاوچەرخی (کۆنسێرڤاتیزم) جەخت لەسەر گرنگی داب و نەریت دەکاتەوەو گۆڕانی سیاسی ڕیشەیی و توندوتیژانە ڕەتدەکاتەوە کە لای هزرە سۆسیالیستەکان لە ئارادایە، پێیوایە گۆڕانی ڕیشەیی و توندوتیژ هەموو ئەو بەهاو نەریت و کەلەپورە، کە بەرهەمی مێژووە لەناودەبات و سەرەنجامیش ئاسایش و سەقامگیری لەناودەچێت و ئازادی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسیەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبە کوردی و بەکوردی کراوەکان**


١. بەشیریە، حسێنی (٢٠٠٩). مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستم (بیری لیبراڵیزم و (کۆنسێرڤاتیزم)). وەرگێڕانی/ ناسر ئیبراهیم زادە. هەولێر. خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٢. پولادی، کەمال (٢٠١٩). مێژووی بیروباوەڕی سیاسی لە خۆرئاوا (بەرگی سێیەم). وەرگێڕانی/ یوسف عەلی پور. سلێمانی. خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

٣. جیهانبەگلو، ڕامین (٢٠٠٩). دەسەڵات و ئازادی. وەرگێڕانی/ عەتا جەمالی. هەولێر. دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٤. فریدێن، مایکڵ (٢٠١٢). دەروازەیەک بۆ ئایدۆلۆژیا. وەرگێڕانی/ کارزان کاوسێن. هەولێر. دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٥. گیدنس، ئەنتۆنی (٢٠١٠). لە نێوان ڕاست و چەپدا. وەرگێڕانی/ خەسرەو میراودەلی. سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.

٦. لارسۆن، ڕەیدار (١٩٩٩). گەلە ئایدۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ. وەرگێڕانی/ ئاسۆس کەمال. ستۆکهۆڵم. کتێبی هەرزان.

٧. ئیریک لیدمان، سڤین (٢٠٠٤). مێژووی بیروباوەڕی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە تا هابرماس. وەرگێڕانی/ (عەلاء نوری، دلێر میرزا). سلێمانی. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.


**دووەم: کتێبە عەرەبی و بەعەرەبی کراوەکان**


١. توشار، جان (٢٠١٠). تأريخ الأفكار السياسية (الاشتراكية-الليبرالية-القومية-السلفية). ترجمة/ د. ناجي الدراوشة. دمشق. دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر.

٢. دونالد سترومبرج، دونالد (١٩٩٤). تأريخ الفكر الأوروبي الحديث ١٦٠١-١٩٧٧. ترجمة: أحمد الشيباني. الطبعة الثالثة. القاهرة. دار القارئ العربي.

٣. دى كرسبنى، أنطوني – مينوج، كينيث (٢٠١٢). من فلاسفة السياسة في القرن العشرين. ترجمة/ د. نصار عبدالله. القاهرة. الهيئة المصرية العامة للكتاب.

٤. سيبرتان- بلان، غيوم (٢٠١١). الفلسفة السياسية في القرن التاسع عشر والعشرين. ترجمة/ عزالدين الخطابي. بيروت. المنظمة العربية للترجمة.

٥. فرادوارد، موريس (٢٠٠٢). مشاهير العالم (الجزء الخامس). بيروت. دار الصداقة العربية للطباعة والنشر.

٦. هيود/ أندرو (٢٠١٢). مدخل إلى الأيدولوجيات السياسية. ترجمة/ محمد صفار. القاهرة. المركز القومي للترجمة.
٧.

**سێیەم/ گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی:**

الكشو، منير (٢٠١٧). روجر سكروتن وتجديد الفكر المحافظ – قراءة في كتاب كيف يكون المرء محافظاً). مجلة تباين (العدد 5/20 ربيع 2017).

**چوارەم: کتێبە ئینگلیزی و بە ئینگلیزی کراوەکان**

1. Gaus, Gerald (2000). Political consepts and political theories. Colorado. Westview press oxford.
2. Quinton, Anthony- Norton, Anne (2007). Conservatism. A Companion to Contemporary Political Philosophy. Second Edition. Volume 1. Editied by Robert E. Goodin- Philip Pettit- Thomas Pogge. Oxford. Blackewll publishing.
3. Sargent, Lyman Tower. (2009). Contemporary Political Ideologies (a comparative analysis). Fourteen Edition. Wasdwath Cengage Learning.
4. Scruton, Roger (1980). The Meaning of Conservatism. Middlesex- England. Penguin Books.
5. Scruton, Roger (2019). How to be a conservative. Secend Edition. London. Bloomsbury Continuum.

**پێنجەم/ سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Munro/ Andre. Michael Oakshaott (british political theorist) On https://www.britannica.com/biography/Michael-oakshott.
2. the foy of conservatism an interview with Roger Scruton: max well Goss: http://www.orthodoxytoday.org/articles6/ScrutonConservative.php.

**دووەم- گۆڤار**

**أ- بە زمانی کوردی:**

١. د. نيلوفەر کەسری و علوم انسانی)، علمی-پژوهشی، شماره سوم، زمستان ١٣٨٩.